ژان- لوك نانسی: فەلسەفەکردن لە کاتی کۆرنا‌ڤایرسدا … ئازادخوازی – بەشی حەوتەم

دەروازە: نانسی و هەوشانەوەی پەتای کۆرنا

لەم بەشەی نووسینەکەمان تایبەت بە"فەلسەفە و کۆرنا"فەلسەفەکردنی ژان – لوك نانسی (Jean-Luc Nancy) بەووی پەتای کۆرناڤایرسدا دەکەینەوە، کە پرسیاری قووڵی فەلسەفی دەوروژێنێت و بەجۆرێك لە جۆرەکانیش سەبارەت هەنووکەی هاوبەش(Common)مان لە وتنە فەلسەفییەکانیدا دەدەزینەوە. لە لەدوانکیش لەگەڵ Marianne نێت بەناوی""پاندەمیەکە(پەتاکە)دووبارەبوونەوەم هەنانەوەی کەڵەن و دابەشکردنە کەمەڵایەتییەکانە""هەمما بە ئەوە دەکات، کە کۆرناڤایرس سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی و گۆڕانەوەی مەرگێکی لەبیرەوچووە و نەخشیش دووبارە دابەشکردنەوەی نایەکسانییە کەمەڵایەتییەکانە و خودی حەپس(confinement)یش جیاوازییە کەمەڵایەتیەکان بەرچاویترددەکات. بەپێی ئەوەی نانسی لەبارەی جەستە ،ئەبەتە جڤات و هەوشانەوەی مەتافیزیك لەکدانەوەی فەلسەفی ووردی ئەنجامداوە لەوە حالییە تەوقەنەکردن و دابڕان، دورکەوتنەوە و مەحرومبوون لەیەکتر گۆشەگیریی و بە سەزی دروستدەکەن. دەستەدان و دیستانسیش دوو وشەی کارلەکن لای نانسی و هیچیشیان پاشکەی ئەویتر نییە. بەپێی بینینی فەلسەفیی نانسی دەستەدان کەمترین ئاستی دیستانسە. هەر لەو دیدەشەوە پەرچەکردارییەکانمان بەرامبەر بە حەپس وەك شتێکی سروشتی دەبینێت. حەپس هەمان ئەو مانایەی بە ئەو کەسانە نییە کە لەنێوان چوار دیوار یان لە ماڵێکدا دەژین. نانسی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە فەلسەفە دەخوازێت فەری ئەوەمان بکات چۆن بمرین و گومانی ئەوەش ئایا ڕەژئاوا ئامادەیە ئەم جۆرە فەربوونە بدەستبهێنێت؟بەم جۆرە دەتگە: بەڵێ پاندەمی دەبێتە هەکاری لەبیرکردنی مەرگ. مەرگ کە لە هەموو شوێنەك دەخولێتەوە ووبەووی هەموو پاراستنەك دەبێتەوە. ئەمە لە دەزی جەنگ یان شەڕی گریلای بەردەوام، دەزی برسێتی یاخود موسیبەتی نەوەیەوە دوورین((کە هەموو ئەمانە ڕەژەك لە ڕەژان بەرەکی شارستانی ڕەژئاوایان گرتووە)) بەڵام لە تارمای مەرگەکەوە نزیکین کە دەمەکە پێیئاشنا نییە. مەرگ، نانسی وتەنی، هەمیشە کەمەڵایەتی بووە، داوای یارمەتی لە ئەوانی تریش بە

خەبەکەمەکانیەتیبوونەکەی کردووە. لەڕووە دینەناو فەلسەفەی ژان-لوك نانسی و ئەو ئەرکە فەلسەفییەی لەم ووتووێژەدا گرتوویەتە ئەستۆ.

سروشتی فەلسەفەی ژان- لوك نانسی

ژان- لوك نانسی فەیلەسوفکی هاوچەرخی فەرەنسییە، کە تێزی دکتۆرانامەکەی (Phd)لە ساڵی 1973 لەژێر سەرپەرشتی پاڵ هێکۆر((Ricoeur لەسەر "کانت Kant"نووسیووە و لەژێر کاریگەری هایدیگەر و گەلەك بیرمەندی هاوچەرخی فەرەنسی(لاکانLacan، بلانشۆBlanchot، بەتای Bataille،دەریدا Derridaو ..هتد)دا بووە. هەرچی دووەم تێزیەتی،کە لە فەرنسا بە docteur détat و لە وڵاتانی تر بە Habilitation دەناسرێت و بە بەدەستهێنانی پلەی پرۆفیسۆریە، لە ساڵی 1987 لەژێر سەرپەرشتی لیۆتارەیك(کە لە لیوتارLyotard، دەریدا Derridaو ژێرار گرانێل Granel پێکهاتبوو)لەسەر"ئازموونی ئازادی"نووسیویەتی. لە "ئازموونی ئازادی" فەلسەفە وەك دایکی ئازادی خەی دردەخات و بیرکردنەوەش بە ئازادییەوە گرێدەدرێتەوە. ئەمەش وادەکات بیرکردنەوە بیر لە ئازادی بکاتەوە. نانسی لەم کارە فەلسەفییەی لەژێر کاریگەری هایدیگەر ئەوە شرۆڤەدەکات، فەلسەفە بە هەماهەنگی لەگەڵ بیر بەوە دەگەن کە پێویستە. لەم هەماهەنگیەدا بیر گوڵەایەڵی فەلسەفەیە. لەم جۆرە شرۆڤەکردنانەوە ئەوە فەردەبین کە ئازادی لەناو فەلسەفەدا پەنهانە. فەلسەفە پێویستی بە ئازادیە تا پڕە بە بوونی خەی بدات. ئازادیش بە بیر پێویستە تا لەگەڵگای ئەوەو فەلسەفە دەرکەوێت و وتنی خۆشی هەبێت. فەلسەفە کە دایکی ڕاستەقینەی ئازادیە، بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی نانسی، دەکارێت ئاقاری ئازادی دەستنیشانبکات. لەسەر ئەم بنەمایە فەلسەفە بە بەها و بە مانا دەمێنێتەوە گەر بریتی نەبێت لە چالاکیەك سەبارەت بە ئازادی.
نانسی لە نووسینەکانیدا، کە بەشکی لەگەڵ هاوڕێیەکی فەیلەسوفی بەناوی فیلیپ لاکو – لابارت(Philippe Lacoue-Labarthe) نووسیوە، بایەخەکی زۆر بە واتای جۆرە –کۆمەڵ- (Community / Communauté) و دەزی بوون لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دەدات. گرینگیپێدانیش بە بوون، بوون لە جیهان، بەپێی نانسی گرنگیپێدانە بە شتەك کە هیچکات خەی بە فەلسەفە تازە نیشان نەداوە، بەتایبەت ئەوکاتانەی بابەتی بوون پرسیاری ئەنتۆلۆژی(بووناوی) دەوروژێنێت. کەشکە لەڕە بە نانسی لەو بینینە فەلسەفییەدا خەی پووختەکاتەوە کە بوون لە جیهانا بوونە لەناو جۆرە بوونیش لەئێستادا لە جیهانا بوونە لە جیهانکی تازە. ئەم جیهانە تازەیش هەرەك جیهانە کۆنەکە جیهانی

هەموانە، بەس گرفتەکە لەوەدایە کە جیهانی ئێستا نایەوێت خۆی بە ماناوە گرێدات. لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە نانسی لەسەر شێوازی فەلسەفی هایدیگەر پرسیار لەسەر بوونمان دەکات و ئەو لایەنەش دەوروژێنێتەوە کە پێشتر هایدیگەر تایبەت بە جیهان وروژاندویەتی. لێرە مەبەست ئەوەیە کە"هیچ کات جیهان پێش ئێمە ناکەوێت". ئێم جیهانەش کە نانسی باسیلەوەدەکات ئەو جیهانەیە کە خۆی هەیە و هەریەکە دەکارێت شوێنکی تیا هەبێت.

ڤایرەسکی فرە مرۆیی

" ڤایرەسکی فرە مرۆیی" Un trop humain virus " گوزارەیکی ژان-لوك نانسی یە کە بەهەیەوە شرۆڤەی پەتای کۆرناڤایرەس دەکات. لەمیانەی وەها دەربڕینکەوە نانسی بە پرسەوە دەخوازێت بزانێت کۆرناڤایرەس لەناو قارەی ئەورووپا خۆریکی چیە و چۆنیش دەجوڵێتەوە؟ ئێم پرسیارە بگرنگیەوە لەلایەن نانسیەوە وەڵامدەرێتەوە. بەهەی ئێم گوزارەیەوە نانسی بۆرەو ئەو خەیاڵەشمان دەبات کە بە ڤایرەسکەوە ئێمە دوانین. لەهەرکوە بین لەوە لێگەماندایە. هەر ئێم گوزارەیە، ئەبێتە ڤایرەسکەش، کە هەڵاوگەانی گەورەی کەمەایەتی خستەوە، پەیماندەێت هەشداریەك لە ماهیەتی کۆرناڤایرەس دا ئامادەیە کە مرۆڤ ئیدی سەپەرمان نیە، سەرووی خۆی نیە، کەسکی ئاسای و سروشتیە. نانسی بۆئەوەی وێنەی کۆرنا لەناو قارە کۆنکە وەك خۆی بنەخشێنێت هەما بە ئەوە دەکات کە پێشتریش وتراوە، ئەورووپا لە ساڵی 1945 وە جەنگکانی هەناردەی دەرەوەی خۆی دەکات. ئەورووپا پاش داکەوتنی ئەبێتە توانای ئەوەی نەما هیچ بکات جگەلەوەی کە کەوتە بانگەشەکردن بە جیابوونەوە لە کەلەنیە کۆنکانی. دواتر بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانیشی کەوتە ناو جەمسەرە نوکانی هەز لە جیهانا (لێرە مەبەست دوو جەمسەرە ئیدیەلۆژیەکەی پاش جەنگ: بلۆکی سۆسیالیزم و بلۆکی سەرمایەداری کە دواتر پەیمانی وارشۆ و ناتۆی لێدروستبوو). ئەورووپا لەنێوان دوو جەمسەرەکە، تەنیا یادەوەریەك بوو، لەکاتێکدا ئێستاش هەر خۆی وانیشاندەدات کە ئایندەی هەیە. لێرە نانسی بەاشکاوی ئەوە بە بیرلەکردنەوە دەخاتەوو کە ئەورووپا هەمیشە بانگەشەی ئایندەبوونی خۆی کردووە. هەرچی ئێستایە ئەورووپا لە دۆزەکی تردایە: ئەورووپا هاوردەیە نەك هەناردە. هاوردەیە، لە تەنیا شمەك ناهێنێت، کە پێشتر کردوێتی، پێش هەموو شتەك دانیشتوان هاوردەدەکات(ئیستیراد)-ئەمەش بە نانسی شتێکی نوێ نیە، بەڵام خۆرایە-. ئەورووپا کە هەناردەی(تەسدیر) ململانێ و کێشەی

ژینگەیی دەکرد دژەوەی سنورەکانی خۆی، هەنووکە ئەم ئەورووپایە ئەپیدەمیکی(دژەدەکی) قایرسانە (viral epidemic) هاوردە دەکات. لەمباریەوە نانسی پرسیار دەکات کە ئەمە مانای چییە؟ ئەم لایەنە تەنیا پرسیار نییە لەسەر بەاوبوونەوە. ئەوروپا نەوەندی جیهان نییە، بەڵام بەردەوامە لە گەڕانی بێڕاوەستانی خۆی، بەڵکو مەدەل یان نموونە. جگەلە ئەوروپا شوێنی تریش هەیە کە سەرنجڕاکێش بێت، لە ئەوروپا پەیوایە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەسەندکراوە، هیچ نەبێت وەك پەناگە(داگە) یەك. لەبەر دەشێت تەوژمی ڕووکردنە ئەوروپا لە ئاسیا و ئافریقا و ئەمریکای لاتینەوە بەنموونە بهێنرێتەوە. ئەوروپای سەرنجڕاکێش و بنکەی ماف و یەکسانی و ئازادی، ڕووبەڕووی پرسیاری قەیرانی پزیشکی بوەتەوە. نانسی لەسەر هەق کە پەیوایە، وێنەیەکی ئایدیالیستی لەسەر ئەوروپا هەیە کە شوێنی داد، زانست، دەمەکراسیێت، جوانی و خۆشگوزەرانییە. ئەمانە وادەکەن ئارەزووەکانی ئەوانیتر بەلای ئەوروپا ڕابکێشرێت. دەرگای ئەوروپا لەسەر پشتە، بەڵام ئەمە ئەوانە ناگرێتەوە کە توانای کەینی ئارەزووەکانیان نییە. شتێکی سەرسامکەر نییە کە قایرەس بێتە بەینەوە. ئەوەش هەر سەرسامکەر نییە کە ئەم قایرەسە لە ئەوروپا لەچاو شوێنی ڕاستەقینەی خۆی پەریشانییەکی گەورە دروستکردووە. ئەوەتا دەبینین کە چین توانیوێتی سیستەمێك سەبارەت بە بازاڕ و نەخۆشی دابمەزرێنێت. بەس ئەمە کوا لە ئەوروپا بوونی هەیە؟ ئەوروپا کە لەژێرسایەی ستەمی کۆرۆنا لە دەخێکی پێشەوی ڕۆژیدایە دژواری لە خۆگونجاندن دروستکردووە. هەرچی ئەمەریکایە نە چینە و نەش ئەوروپا. ئەمەریکا بەپێچەوانەوە، نانسی وتەنی، لە گۆشەگیریدابوو کە دواتر لەمە و لە توانا ناجێگیریەکەی لە بەیاردان پاشگەزبوەوە. لەبەر نانسی وێنەیەکی تر لەسەر ئەوروپا دروستدەکات: ئەوروپا هەمیشە هەوێداوە خۆی بدزێتەوە. لە گەڕانی بەردەوامیشدایە کەچی جارێ شوێنەکەی دیارینەکردووە.

کاتێك چەقی پاندەمیکە(پەتاکە) دەستنیشانکرا ئەوروپا بووە ئەو چەقە و وەاتانی تریش، کە هەشتا لە پاندەمیکە بەدووربوون، دڕگایان بەڕووی ئەوروپا و چین داخست. بەیە سڤەرکردن بە چین و ئەوروپا بووە سڤەر بە شوێنە ترسناکەکان. لەم حاڵەتانەدا لە ئەوروپا"بەدوای ژیانی خەت ڕابکە"باوە، هەرچی لە شوێنی تر"پیشانمبە چیت لە قایرسەکە دروستکرد!" باوە. ئەمە، بەقسەی نانسی، جیاوازی نێوان میراتی ئەمەی ئەوروپایی و ئەوانیترە. بەواتایەکیتر، نانسی جەختلەوەدەکات کە لە ئەوروپا چاوچنۆکی، گومانخوازی و سەرسەختی زەرتر باوە تا لە شوێنەکانی تری دونیا. ئەمەش میراتی عەقڵگرایی و بەدبینی ڕووشتی و ئازادی

ئەوروپاییەکانی کە نانسی دەیبینێت. بە نانسی ئەمە ئەو دەگەیەنێت کە ئەمە، ئەوروپاییە کۆنەکان، ژیانی عەقڵیمان بەهێند وەرگرتووە. هەر ئەمەش هەکاری زۆر دووبارەکردنەوەی گوزارەی"پێویستی ئاوارتەییەکان"، کە بەکاربردنی تارمای "کارل شمیت" ی(Carl Schmitt) تیادەبینرێتەوە- تیۆریزەکارێکی دیارە لە بواری تۆزی ڕەوشی ئاوارتە.

نانسی بۆچوونی شاعیرێکی فەرەنسی میشێل دیگی(Michel Deguy)بەنموونە دێنێتەوە کە لەم دواییە شیعرێکی بەناوی Coronation بڵاوکردۆتەوە، کە لەڕە چەند کۆپلەیەکی ئەو شیعرە، نزیك تێگەیشتنە کورتەکەی نانسی، دادەڕێژێنەوە:کەرناڤایرەس جارێ نیویۆیە، پیسی لە پیسایەوە دێت، سنووری تێ سنووری منێ و یەکتر سنوردارەکەن، گوملەیە ئابووری لە بەرسکانا گرژدەبێتەوە، ترامپ قڕۆو دەڕێت لە وڵاتیەکگرتووەکان قایرەس نییە، پوتین خوا دەگەنێتەوە ناو دەستور، مارین لە پان (Marine Le Pen) (سەرۆکی پارتەکی ڕاستڕەوی تووندڕەوی فەرەنسییە) بە کلیلە ژەنگاویەکانی سنورەکان دادەخات، پارتی سەوز پێش هەڵبژاردنەکان قایلبوون، فیلمەکە جیهانگیری سەربەرەوخواردەکاتەوە، ئاسمانی شین لە پەکین شیندەکاتەوە، وشەی ناسین مانا باشەکەی خۆی لەدەستداوە، جیهانگیری و پێتا یەکدەگرنەوە و ناشیانوێت یەکتر بەردەن، قاچاخچیە لیبیەکان خەریکی موزایەدەن، بەڵام نازانینەکەم دووەم مەبە، هەمووی وەك خۆی لەدێتەوە، شی Xí قەیسەریش پێچە لە ڕووتی چینیبوونی خۆی لادەدات.....

پێتای کەرناڤایرەس، لەسەر هەموو ئاستەکان، کایەیکی جیهانگیرییە. ئەم پێتایە چاودێرە بەسەر تایبەتمەندی و ئاقارەکانی ئەم جیهانگیرییەوە و دەشیکات بە شتەك کەمتر بێت لە کولتوور و بەهێزتر بێت لە ئابووری و تەکنیك. شیاوە، لەم ئەوروپایە، کار بە گەینی ئەلگەریتم (Algorithm پرسیەکی هەنگاو بە هەنگاوی ماتماتیکییانەی خواریزمیە بە گەیشتن بە دەرئەنجام)بکرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەچینە سەردەمێکی نوێوە. واتە ئەوروپا بە گەینی ئەلگەریتمی خۆی ناشێت پێیوابێت دەچێتە قۆناغێکی تازەوە. ئەمە لەسەرەکی تریشەوە بۆ مانایە دێت کە زاڵبوون بەسەر ڤایرەس بەس نییە. گەر توانا سیاسی و تەکنیکییەکان زاڵبوونەکەیان سەلماند، جیهان دەبێت بە گەڕەپانی پێکدادانەکان. شارستانی ئەوروپا کە چووە قۆناغی جێبەجێکردنی گۆڕانکاری شارستانیبوونەوە، وائەستا لەژێر زەبری ڤایرەسەکە خەریکە لە شارستانیبوون دەکەوێت. وەحشتناکی تەشەنەی ڤایرەسەکە وەك وەحشتناکی کارگەی بەهودەبێتەوە. ئەمەی ووددات گەڕەکی نابێد نییە کە کەسەکی نەناسراو هەیگیرساندبێت. هەروەها

بەرهەمی دەستدرێژی هەندێك نەتوانش نیین. لەكەتایدا هەزە ئابووریی تەكنیكان مابستن. لەرەو پرسیار لەسەر داهاتووی زانست و ئابووری ئەوروپا لەدایكدابت.

هەر تایبەت بەو لایەنەی سەرەو، ئەم هزرڤانە فەرانسیە، ئەوشمان وبیردەنتەوە كە پشتر، پەتاكان (پاندەمیكان) وەك سزایەكی یەزدانی دەبینران، هەروەك ئەوەی كە نەخشیش، جاران، بگشتی ماویەك وەك شتێك لە دەرەوەی جستەی كەمایەتی سیردەكرا. هەرچی ئەستایە زەربەی نەخشیكان ناوكین و بەرهەمی هەلومەرجی ژیان، كوالیتی خواردن و ژەهراویبوونی ژینگەكەمانن. كەوابت هەروەك نیچە دەتت ئەوەی یەزدانی بوو بووە مرۆی، زەر مرۆیی، تائۆپیای مرۆیی (Allzumenschliches/ All Too Human) . بە ئەو مبەستە نانسی بە بیركاری فەرانسی پاسكال Pascal دەگەتەوە،كە ناوبراو تازگاری بە گوزارەی"مرۆڤ بە كەتا مرۆڤ تەدەپەنەت(L'homme dépasse infiniment l'homme)"پەناسەدەكرد، بەام ئەگەر مرۆڤ خودی خەی زیادلەپویست تەپەنەت، بە ئەوەی بگاتە ئاستی ئەو تەگەیشتنە یەزدانییەی پاسكال بە مرۆڤ هەیبوو، ئەوا مرۆڤ هەرگیز سەرووی خەی نابت. لەبەی ئەوە، نووقمی مرۆیبوونێك دەبت كە پەە لەو رووداو و دەزانیی خەی بەرهەمی هەناوە. بەمە نانسی دەخوازت چیمان پبەت؟ نایەوت بەت مرۆڤ زەرتری شایانە وەك لەوەی دەستیكەوتووە؟ لەرە لای پاسكال مرۆڤ دەگاتە چەقی تەوەری تپپەاندن و بەسەرزاەبوون. بەپەی نانسی، هەر لەوكاتەوەی بە سروشتی بایەلەجی قایرەسەكە ئاشنابووین پەداگری لە ئامادەنبوونی یەزدان هاتگەە. نانسی وتەنی، ئەستا ئەوەمان بەدەركەوت كە چەند سەختە پەناسەكردنی بوونەوەرە زیندوەكان لەچاو ئەوەی پشتر كردووەمانە. ئەوشمان بەدەركەوت كە پەناسەكردنی دەسەاتی سیاسی لەچاو ئەوەی پشتركردووەمانە چەند دژوارە. هەنووكە تەدەگەین، بە قسەی نانسی، وشەی سیاسەتیژیان(biopolitics) لەم جرە دەزانەدا (كەرەناقایرەسە مبەستە) نەگونجاوە بەكاربردنی. نانسی لەگەە تەهەكەشردنی ئەم وشەیە نیە بەو هەل و مەرجانەی كەرەنا هەناویەتی. هەرگیزیش گومانناكات كە ژیان و سیاسەت بەرەنگارماندبنەوە. زانینی زانستیشمان پەماندەەت كە تەنیا پشت بە هەزی تەكنیكی خەمان دەبەستین، بەام تەكنیكی پووخت بونی نیە و خودی زانینیش نادەنیایی لەخەدەگرەت. ئەم نادەنیاییەی نانسی دەیداتەپاە زانست لە تایبەتمەندیەكانی خودی زانستە. كەرەنا نادەنیاییەكەی زانستی دووبارە بیرخستینەوە. ئەوەشی بیرخستینەوە مەرگ هاوەڵی قایرەسەكەیە. مەرگ، كە ئەوروپا پشتر بە جەنگ و برسیەتی و وەرانكاری كاری بە هەناردەكردنی دەكرد، ئەمڕۆستا بەهەی ئەم

پەتایەوە لەگشت جێگایەك چاوەڕێمانە. لەم ساتەوەختەدا مەرگ لە بەرگی کەرەنا خەیمان نیشاندەدات و دونیایەك ئاماژە لەخۆیا پەنهاندەکات. وەکیتریش مەرگ، لەناو خۆشگوزارانی و ئازادی ئەورووپایی بیرچووبەوە، بەهەی ترسەکەوە کە لەخۆدووبارەکردنەوەدایە ئاوەناوی تری بۆخۆی دەزیەوە: مەرگی پیر و مەرگی گەنج، مەرگی لەش تەندروست و مەرگی لەشی بیمار، لە کەرەنا کەلەبەری نەوان ئاوەناوکانی پأکردەوە. بەم چەشنە، هەی جیاکاری نەوان ئاوەناوکان لەژێرناونیشانی کەرەنادا بووە مەرگ، مەرگکی هاوبەش کە نازناوی کەرەناقایرەسی هەیە.

قایرەسی هاوبەش

پەتای کەرەنا مشتومەی زۆری لەکەوتەوە و ژان- لوك نانسیش یەکك بوو لەو هزرڤانانەی کە کارای لە فەلسەفەکردن بەسەر پەتاکەوە بینی و ئاقاری مشتومەکانیشی بەرەو ئەو جێگایە برد کە فەلسەفە دەکارێت لەوێندەرە دادەبە پرسیارسازی بدزێتەوە. وەکیتر هەر ئەوەشە کە فەلسەفە دەیکات، لەناگاەت دیاردە و رووداوکان لە شوێنکی وەستا و نەگەدا باروبارگە دابنێن. نانسی لەگای ئەم پەتایەوە، بەپشت بەستن بە تەزە فەلسەفییەکانی پێشتری تایبەت بە جیهانگیری، هەوەشانەوەی باوە و جڤات (کەمە) دادگایی مەژووی سیاسی ئەوروپا دەکات و واتا و گوزارەکانی ئەم مەژووەش شیتەدەکات. لەسەرەتای ئەو نووسینەی ماوەیەك لەمەوبەر بەناوی "" communovirus"" نووسی باس لە هاوەیەکی هیندی خۆی دەکات کە پەیوتوە ئەوان لە ماەوە قسە لە" کەمەنەقایرەس" دەکەن. نانسیش لەخۆی دەپرسەت کە بە پێشتر "ئەمە" بیرمان لەوە نەکردبووە؟ پەناچەت مەبەستی نانسی لە "ئەمە"تەنیا فەرەنسییەکان بەت بگرە گشت ئەوروپاییەکانیشی مەبەستە. بە نانسی شتکی سەرسامکەر و سەرلەبەر ناکەکئامەز: قایرەسەکە لە کەمەنیزمcommunismوە دەت. تەنانەت کەرەنای ئێستا لەو کەرەنا پاتاەی هەقایەتە کەنکانی پاشایەتیش بەپیتر دەزانەت. ئەم کەرەناقایرەس ،بەپێی بەچوونی نانسی، هەر لەیەکەم مانایەوە دیارە دەیەوەت چی بکات مادام لە وەاتکی گەورەوە دەت کە بە فەرمی ئەمەکەی کەمەنیستە. شتکی تەنیا فەرمی نەبوو کاتك سەرك شی جینپینگ Xi Jinping وتی"کارگەیکردنی ئەپیدیمیکی قایرەسانە" نیشانەیە لەسەر باەیی سەستەمی سیالیستی بە تایبەتمەندی چینییەوە". نانسی بۆئەوەش دەچەت، ئەگەر کەمەنیزم، بریتییە لە هەوەشانەوەی خاوەنداری تایبەت ئەوا کەمەنیزمی چینی، چەند

ساڵەکە، بریتییە لە تەکەڵەکردنی خاوەنداری کۆلەکتیفی دووەتی بە خاوەنداری تاکی (بەدەر لە موڵکایەتی زەوی). ئەم تەکەڵەکردنەش لەگاخۆشکەربووە بە نیشونمای توانای ئابووری و تەکنیکی چین و دەرکەوتنی رۆڵە جیهانییەکەشی. نانسی وایدبینێت کە، هەشتا زووە ئەو کەمپەینگەیی ئەم تەکەڵەکردنەی دروستکردووە دەستنیشانبکرێت: واتە بە چ مانایەك کەمانیستە و بە چ مانایەکیش قایرەسی خستەناو کابڵی تاکییەوە؟ کەرەنا قایرەس توانیویەتی توانستی کۆلەکتیف و دووەتی چین بسەپێنێت بە ئادیەك کە ئێستا چین یارمەتی ئیتالیا و فەرەنسا دەدات. بەبەچوونی نانسی، قایرەسەکە کاریگەری نەکردەتەسەر دەسەڵاتی ئیستیبدادی چین. شتەکان بەجۆرێك دەردەکەون وەك بڵێی ئەم قایرەسە لەکاتێکدا هاتووە کە بەهێزکردنی ئەو کەمانیزمە فەرمییەی مەبەستبووە لە چین هەیە. شتە ناخۆشەکە لەرە ئەوەیە کە ئەم وادەکات وشەی "کەمانیزم" تەماوی بێت. مارکس ، نانسی وتەنی، زۆر بە ووردی ئەوەی نووسیوە کە خاوەنداری تایبەت بە واتای ونبوونی خاوەنداری کۆلەکتیف دێت، لەگەڵ کات خاوەنداری تاکی (ئیندڤیدوال) جێگای هەردووکیان دەگرێتەوە. ئەمە بەو مانایە نایەت کە مارکس مەبەستی ئەوە بووە شەکەکان بەجۆرێکی تاکانە خاوەندارێتی دەکرێت(واتە بوونی خاوەنداری تایبەت)، بەڵکو شیاوی ئەوەی تاکەکان خودێخیان بن. ناسی جێخت لەوەدەکات کە، مارکس لەم ڕووەکات و ئامرازی لەبەردەست نەبووە تا کاری زۆرتر لەم بارەوە بکات. هاوکات، نانسی ئەوەش دەڵێت کە مارکس جیهانبینێکی پەسەندکراوی سەبارەت بە"پرۆپەزەڵی کەمانیستی" خستەڕوو. وەکیتریش نانسی لە تۆژینەوەکانی تریدا مارکس بە فیلەسوف نازانێت و بە ئەو مەبەستەش ئارگومێنتی خۆی هەیە کە لەرە دەرفەتی گفتوگۆکردنیمان نییە.

دووەم مانای کۆمۆنڤایرەس (communovirus) ئەوەیە کە ڤایرەسەکە کەمانیزماندەکات(communize). دەمانخاتە سەر بناغەی یەکسانی (equality) و بە وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەشیش کەماندەکاتەوە. ئەمە ئەزموونکردنی گۆشەگیرییمانە. گەر گۆشەگیریمان بە مانای کەمبوونەوەی پیسبوونی ئەتمۆسفێرەش بێت هەیەکەی کەمبوونەوەی هاتووچۆ و پیشەسازییە. پێشئاوەی قفڵیشبین هەستدەکەین بەهەز قفڵکراین، تەنانەت ئەگەر ئاوە لەبەر خۆشگوزارانیشمانبووبێت لە هەر قفڵکراین. هەندەك پیانوایە سەرمایەداری تەکنەلۆژی لە داهاتوودا نزیکبوونەوە، نانسی بە ئاوەی ئەمە دەڵێت: هەشتا ماومانە لە سروشتی جڤاتەکەمان(کەمپەکەمان) تێبگەین. نانسی وایدبینێت کە ئەمە ئاژەڵ نییە، هەربۆیە پێویستمان بەیەکبینین و خواردنەوە و سەردانە. دابەانیشمان لەیەکتر وایکرد ڕۆژی

پەیوەندییە تەلەفۆنی و نامە ئەلکترۆنییەکانمان بەرزببنەوە. ئەمەش تەنیا لەبەر ترسی لەدەستدانی پەیوەندییەکان بوو. بەیە نانسی لەرە دەپرسێت ئایا ئێستا لە بارەکی باشترین بە بیرکردنەوە لەم کەمەییە؟ کەشکە لەوەدایە قایرەسەکە نوێنرایەتی سەرەکی ئەو کەمەییە دەکات. لێنەوان مەدەلی چاودێری و مەدەلی خەشگوزرانیدا قایرەسەکە خاوەنداری هاوبەش common. شتێکی باش، بەپێی نانسی، کەرەناقایرەس پاڵمان پێوەبنێت بکەوێنە پرسیارکردن. هەر بەم مەرجەش دەتوانین بەسەریا زاڵبین ئەگەرنا شیاوە گومانەوەمان بە خاڵی دەستپێك. ئەوەمان بیرنەچێت دەبێت ئامادەی هووبوونەوەی پێتای تریش بین.

تێگەیشتنی فەلسەفییانە بە ئاوارتە لێنەوان ئاگامبەن و نانسی دا

مایەوە لەم کورتە نووسینە لە هووبوونێکی تەسکدا ئەو مشتومڕە فەلسەفییەش بجولێنینەوە کە دوو فیلەسوفی ئەوروپایی (ئاگامبەن و نانسی) کە-جیا دەکاتەوە. تێگەیشتنی فەلسەفییانەی ئەم دوو فیلەسوفە بە هۆشی ئاوارتە (State of exception) تێگەیشتنێ بە چۆنیەتی کارکردنی هەز و شەوازەکانی ئەم هەزە لە بندەستکردن و گەمارۆدانی ئازادی و مافی تاکەکانی کەمەگا. ئاوارتە دەخڵك (بارەك، هۆشەك) دەنێتەپشەوە کە مرۆڤەکان لە مرۆییبوونیان دەخات. ئەوەی ئاگامبەن لەیەکەم نووسینی تایبەت بە کەرەناقایرەس وتی بەرهەمی تەهزرینی فەلسەفی چەندین ساڵەیەتی لەبارەی هۆشی ئاوارتەوە کە هەژئاوا ئاشنایە بە بەکاربردنی. پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم نووسینی ئاگامبەن بەناوی ""داهێنانی ئێپیدەمیك"" لە 26/02/2020 وەڵامێکی گازندەئامێزی زۆر ئاراستەی نووسینەکە کرا و یەك لەوانەش ڕوونکردنەوەکەیەکی نانسی بوو لە 27/02/2020 بەناوی""ئاوارتەی قایرەسانە(Viral Exception).

نانسی لەم هووکردنەوەیە وایبەدەچێت کە ئاگامبەن هیچ جیاوازیەك لەنێوان کەرەناقایرەس و ئینفلاوەنزایەکی ئاسایدا نابینێتەوە. بەپێی نانسی ئەم هاورە کەنەی بیریچوونەتەوە کە ئینفلاوەنزای ئاسای ڤاکسینی هەیە کە کاریگەری خەی سەلماندووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوەیە سەاڵنە لەدوای ساڵ لەگەڵ هەڵاوگەڵانی قایرەسەکە خەی بگونجێنێت. بەپێی ئەوە، ئینفلاوەنزای ئاسای حەکەکی زۆر دەکوژێت لەکاتێکدا کەرەناقایرەس، کە ڤاکسینی بە دروستنەکراوە، لەتوانایدایە ژمارەیەکی زۆر لەوە زۆرتر بکوژێت! ئاگامبەن وایدەبینێت کە حکومەتەکان کەلك لە هەموو جۆرە بهانەیەك دەبیننەوە تا هۆشی ئاوارتە پیادەبکەن، بەڵام ئاگامبەن، بەبچوونی نانسی، سەرنجی ئەوە نادات کە ئاوارتە بووتە ڕسا لە

جیهانەك كە پێوەندییە تەكنیكییەكان بە هەموو چەشنەكانیەوە (جوانەوە، هەموو جۆرەكانی گوازتنەوە، پێتاندن و بڵاوبوونەوەی مادەكان و شتیترییش) چێكی نادیارە و بەهەمان نیشونمای دانیشتوانیش لە زیادبووندایە. تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندەكانیشا ئۆم زیادییە لە ژمارەی دانیشتوان تەمەن درێژی لەخۆدەگرێت كە ئۆمش بە مانای زۆربوونی بەساڵاچووان دێت و بەگشتی ئۆمش بەمانای ئۆو دێت كە زۆرك لەبەردەم مەترسیدان.
نانسی بە ئاگامبەن دەڵێت كە پێویستە وریابین ئامانجی هەڵە نەپەكین: گومانی ناوێت گەر بڵێین گشت شارستانیەكەمان ئەمڕۆ لەژێرپرسیارە و جۆرەكیش لە ئاوارتەی قایرسانە- بایۆلۆژیی، زانستی كەمپیوتەرانە، كولتووریی- دروستكەری پاندەمییە. لەم بینادا حكومەتەكان هیچ نیین جگەلەوەی كە بكوژەكی نەفرەتئامێزن و لەمخستنە سەریشیان مانۆكی لادانە تا پڕچەكداریەكی سیاسی. وتمان كە جۆرجیۆ هاوەیەكی دێرینە. هەروەها ئۆوشمان دەڵێت كە داوای بەخشیندەكات كە لێرە یادەوەرییەكی شەخسی دەخاتەوو: پێش سی ساڵێك لەمەوبەر پزیشكەكان پێیانوتم پەویستم بەوێیە دە دانەم. جۆرجیۆ ئاگامبەن یەكێك بوو لەو چەند كەسە كەمەی پێیوتم كە گوێ لە دكتۆرەكان نەگرم. گەر گوێم لە ئاگامبەن بگرتایە ئێستا مردبووم. شیاوە هەڵەكردن. ئۆوشمان دەڵێم كە جۆرجیۆ لەگەڵ ئۆوشدا ڕەحمەكی پاك و میهرەبانە و مرۆڤ دەكارێت وەك ئاوارتەیەك –وەك ئیزپۆزەك as exceptional – پێناسەیبكات

ژێردێر: ژان- لوك نانسی سەبارەت بە كۆرۆناڤایرەس زۆرك گفتوگۆی فەلسەفی هێناوەتەپێش كە شایانی تەئامان و ئاوەدانەوەن كە لەم نووسینە بە مشتومەكردن كەكیان لەگەورگیراوە: لێژەرناونیشانی""فەلسەفەكردن لە كاتی ئێپیدەمی "(Philosopher en temps d’épidémie) ،كە دوو بابەتی سەرەكی لەخۆدەگرێت یەكەكیان""ڤایرسەكی فرە مرۆیی"" (Un trop humain virus) لە 17/03/2020 بڵاوكراوەتەوە و ئۆیتر""خراپە و هێز" (Le mal, la puissance) لە07/04/2020 بڵاوكراوەتەوە. وەك بەناوی""ئاوارتەی ڤایرسانە" (Viral Exception) لە 28/02/2020 ئاماژەیە بۆ نووسینەكەی ئاگامبەن كراوە كە بەناوی""داهێنانی ئێپیدەمیەك- درمەك-""لە 27/ 02/2020 بڵاوكراوەتەوە. لە لیبراسیۆنی فەرەنسیش(liberation.fr) لە 24/03/2020 بابەتەكی لێژەرناوی""كۆمۆنۆڤایرەس" (Communovirus) نووسیوە .هەروەها ئۆو لەدوانەش كە لە 28/03/2020 لە (marianne.net)

بەناوی"" پاندەمیکۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کێشەن و دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکانە"" بەناوکراوەتەوە. بەشێك لە تێکستەکان بە وەرگێڕانی ئینگلیزی لە "گۆڤاری شیکردنەوەی دەروونی ئۆروپایی"یش بڵاوکراونەتەوە.
ماویەتی...

[بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم باسە کلیکی ئێرە بکەن .....]

سەردێشت عوسمان ... کاوە جەلال

سەردێشت عوسمان لە بنەڕەتدا زۆرتر لە کەسێتییەکی یاخی کە بە فەرمانی دەسپێتیانە لەناوبرا. ئەو هەروەها کرێکێکی شێشگەرانەی هەبوو.

سەردێشت عوسمان بە گۆتاری "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا" ووی دەمی دەکاتە هاوڵێیانی: "تا ئەو شوێنەی کە ماوین دەبێت قسە بکەین، لەو شوێنەش کە تەمەنمان کۆتایی هات، با هاوڵێکەم خاڵکم بە دابنێت و بێتە سەر دەڵێکی نوێ و سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە".

ژیان لای سەردێشت عوسمان بەواتای هێواسەتورگرتن، بەرەنگاربوونەوەی جەلادەکان و پشاندانی هەقیقەتیان. ئەو نایەوێت چیدی لەسەر بەدادی و وەلاوەنانی چینایەتی بدەنگ بێت، بۆیە بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی دەبژێت، زۆر ئاساییە کوێکی هەژاری ئەو وڵاتە ئۆقیندداری هەر کەسێک ببێت کە دەی گرتوویەتی، جا با کچی بەرپرس یان تەنانەت سەرکی ئەو وڵاتە بێت. ئەوجا گەر بەو هەیەوە ژیانی کۆتە مەترسییەوە، ئەوا نابێت مەیدانی بەرەنگاری چۆڵ بکات. نەخێر، ئەو دەیەوێت بەدرژایی تەمەن، یان تا ئەو کاتە کە جەلادەکان لە شارەکەی خێیدا کۆتایی بە هەناسەدانی دەهێنن، لەسەر خەبات بەردەوام بێت، لە ئەوە نێک تەنیا بە گەنجانی وڵاتەکەی کە "مردن سادەترین هەبژاردنیانە"، بەڵکو هەروەها بە ئەوەی گەنجەکان ئیدی "تێبگەەن" کە شکۆفە پرشنگدارەکەی ڕۆژگاری ئەمێ تەنیا ڕواڵەتە، لە کرێکدا بە بەدادی و گەمژەیەتیی خەڵکیانە تەنراوە و هیچی دیکە نییە جگە لە جەلادسروشتی، کەواتە گەورەترین مەترسییە "بە نەوەی داهاتوو". بۆیە سەردێشتی خەباتگێڕ پشتری بە مردن

دەدات تا برا بچوکەکەی، کەواتە زارۆکان، لەم ڕۆژگارە پەستەم و بەدادە ڕزگار بکرێن.
سەردەشت عوسمان خۆی وەک کردارنوێنی نوێ کاروانێکی خەبات دەبینێت، لەڕشدا ئەمە بە کرۆکەکی شۆشگێڕیانەی ئەو دەگەیین: گەر جەلادەکان لەناویان بردە، ئەوا پاشان ئەرکی هاوڕێی خەباتگێڕ ئەوەیە کە "نوقتە"یەک بە ئەوی ژیان لەسەنراو دابنێت، لە پاشان بچێتە سەری دەڕ، تاکو لەنوێوە "دەستپێبکاتەوە"، کە گومانی تێدا نییە لەبەر ئەوەی "هاوڕێیە"، ئەوا لکەکی کاروانەکەیە و ئەمەش بەواتای، کە ئەوی هاوڕێ بە شێوازێکی خۆیی درێژە بە خەبات دەدات. ئەمە لەڕ کاروانی خەباتی پارتایەتیمان نییە، گەنجانی "هەوڵستاو"مان هەڕووبەڕووی جەلادەکان.

ئەم هەوڵستە شۆشگێڕییەی سەردەشت عوسمان تەواو دژبەری شێوە خەباتی سونەتگەرایانەی کوردییە، واتا ئەو جیهانبینییە کە هەر خەباتگێڕێکی سونەتگەرا بە بە ئاگایی ئەو نوقتەیە و هیچ نوقتەیەک بە سکاڵا و سرودی شەهیدان بردەوام دەبێت، کەواتە کرداری پچڕاندن ناناسێت. لە سەردەشت عوسمان بە پێچەوانەوە داوای سەری دەڕێکی نوێ خۆیی لە هاوڕێیان دەکات کە گەڕەکە لەوی "دەستپێبکرێتەوە". ئاخر چۆن لە ڕۆژمانداە ستە هەمیشە بە نوقتە کۆتایی پێدێت، بە هەمان شێوە لەم خەباتەی نێو کردەکێتییەکی بەداد و جەلادسەروەریدا پچڕاندنی پەیوەندی و دەستپێکردنەوەمان هەیە.

گومانی تێدا نییە کە لە دەستپێکردنەوەدا هاوکات لەبیرنەبردنەوەی خەباتگێڕانی کوژراو هەوڵستێکە کە ناخی هاوخەباتانی ئەوانی تەنیوە. ئاخر خەباتگێڕانی زیندوو دوای هەر کارساتێک هەوڵستە دەکەن، ئەوەش بە دانانی نوقتەیەک و ڕۆیشتنی بوێرانە بەرەو سەری دەڕ: سەرەتایەکی نوێ، ئەوە بگومان لەنێو کاروانەکەدا، چونکە ئەو لاپەڕیە هەڵنەدراوەتەوە، لەبیرنەبراوەتەوە، نەسەراوەتەوە، یان هیچ نەبێت بە فرمێسکی شین و شۆپڕ کاڵنەکراوەتەوە، بەڵکو هاوخەباتگێڕ بە دانانی نوقتەی ئاگامەندانە هەشتا لەوێیە، هەندێ نەبێت کە ئاگامەندانە لە سەری دەڕەوە دەستی پێکردە"تەوە"، کە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی نوقتەدانەرەکی ئاگامەندە، ئەوا لە یادەوەریی خەیدا هەر هاوڕێیەکی بەناهەقکوژراوی بەرز ڕاگرتووە.

لە بەدادی و کۆڵەپووچی تەنیا ڕوویەکی ڕیالێتییە تاڕکەی وەاتی سەردەشت عوسمانە. هەموو ڕیالێتییە تاڕکان هەمیشە زەبرەکی جددین، لەڕشدا هەقیقەتیان بەڕووتی پێشانی گەل دراوە و بەو ڕێیەوە داوا لە خودی گەل کراوە ئەو هەقیقەتە قبووڵ بکات. لە وەاتەکەی سەردەشت

عوسمان بە پێچەوانەوە مەزەلەییە، هەروەک ببێژین، بووە بە وەاتی تەراتێنی چێیت و چەکلەکان، چونکە بەرواڵەت دەسەاتدارییەکی هەیە کە گەیا بە دەنگی گەل دامەزراوە، لە لە کرەکدا باندگەلی مافیایی بە تەرس و تەقاندن حوکمی دەکەن، تەنانەت لە نەویانەوە دەسەاتدارانی بکوژ و کەلەپووچ زیتبوونتەوە کە شانازییەکانیان بە سیمبەلی "جامەدانی" یەوە هەندەی دی کەلەپووچ و فریودەر-فریودراوی کردوون.

بەیە خەباتگەانی کاروانەکەی سەردەشت عوسمان ئەرکی گرانتریان کەوتەتە ئەستۆ، چونکە ئەوان دەبەت هاوکات لە هەر بەرەنگاربوونەوەیەکدا سەرلەنوە بیری جەلادەکانی بخنەوە کە ئەوان فیگوری ەزگاریخوازی نین، بەکو ئەوە "باوک و براکانی" ئەوانی خەباتگە بوون یان بگشتی وەاتخوازان بوون کە خیان لە پەناوی ەزگاریدا بکوشت دا، پاشان جەلادەکان بە فە و تەکەبازی هاتنە سەر سفرەی حازر و دەستیان کرد بە خواردنی بەری ەنجی ئەوان، بەە تەنانەت لە نەویانەوە سەرەک جاش زیت بەوە و داوای سەرکایەتیی بە ەوای خەی دانا – چونکە گەیا پەشمەرگە بووە! بەیە ەوخساری جددیی سەردەشت عوسمان هاوکات نەرمە زەردەخەنەیەکی تەدا نیشتووە. تەنانەت پەش کوشتنی بە فەرمانی باپا پەدەچێت زەر تاە پەکەنیبێت. سەرەای ئەوە هەل لەدەستنادات کە بە وەستێک ەووی زاری بکاتە "هاوەیان"ی و پەیان ببێژێت: هاوەیان "من کاتم هات بەم، بەام … نووسینەکانم لەیاد نەکەن، میللەتەکەم لەبیر نەکەن، پەیان بەن نەرەتان دیت، چەن من دوای سەران نەرەم هات، پەیان بەن لەباتی گوە تەرەریست و دیکتاتەر لەم وەاتەدا گەشە ئەکات (…). من بە ئەوە خەم ئەکەم بە قوربانی، سەریش دانەوێنم، ەاستییەکان هەر ئەدرکێنم، من سووتەمەنی میللەتەکەمم، مرۆق ئەوات، بەام خاك زیندووە، من یەك سەردەشتم، رۆژیەك یەت هەموو میللەت ئەبەتە سەردەشت و سەران، من بادینیم، من سەرانیم، من هەورامیم، من موسلمانم، من مەسیحیم، من ئیزیدیم، من کاکەیم، من نووسەرەکی خاوەن قەلەمی کوردم …".

سەرچاوەکان
سەردەشت عوسمان:

- وا من ەیشتم
- یەکەمین زەنگی کوشتنم لەیدا
- نە سەرەك خوایە نە کچەکەی
- من عاشقی کچەکەی بارزانیم

پێکەا لێ "کوردستانپێست" داگیراون.

ئەدەبی کلاسیك/ ئەدەبی نەفرەتلێکراو … عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

1/1

(ڕێباز، المنهج، میتەد) کۆمەڵك پرنسیب و بیروڕای هاوڕێنی پێکەوە هەڵکردووی بیریارێك، یان فەیلەسوفێك، یان قوتابخانەیەکە لە بواره جیاوازەکاندا، بێ گەیشتن بە ئەنجامی خوازراو.. بەڵام ئەوەی ڕێبازی ئەدەبی لە ئەوانیدیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ناشێ داهێنەرانی ئەدەبی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس بکەین، چونکە ئەدەب (وەك داهێنان) هەمیشە خۆی بە سەر ڕێبازە ئەدەبییە باوەکاندا دەسەپێنێت و پانتاییەکانیان بەرفرەوان دەکات و دەرگاکانیان بەڕەو زیندەگی دەکاتەوە، بەو مانایەش ڕێبازی ئەدەبی ئەو کاتە دەبێتە جێگای گفتوگۆ و دانووستاندنی فرە ڕەهەند و بە سوود، کە بشێ لە بەرژەوەندی پێکهاتە هونەرییەکاندا خۆی بنوێنێ، بە دیوەکەی دیکەش دەمەوێ بڵێم هەموو ڕێبازێکی داهێنەرانە توانای ئیزافەکردن و نوێکردنەوەی هەیە، هەر تەنها لە سنوری دووبارەکردنەوە و لاسایکردنەوەدا گیر ناخوات.

ڕێبازی کلاسیك classicisme [illegible] (1515ێ-1610ێ) لە ئەورووپا بڕەوی سەندووە.* هەندێ لە ڕەخنەگران بنچینە هونەرییەکانی ئەو ئەدەبە لە دراما و تراجیدیادا دەبینێنەوە، بۆیە یاسا و ڕێسا و خەسڵەتەکانی بە (ئەرستۆ 384-322) یۆنانی و قەسیدەکەی شاعیری ڕۆمانی (هۆراس) دەبەستنەوە. بۆگومان کلاسیك بە زۆر مانا بە کار هاتووە، وەکو ئەدەبی کۆن، ئەدەبی خوێندەواری بەرز، ئەدەبێك داهێنانی تێدا بێت، ئەدەبێك بێتە هۆی لاسایی کردنەوە، ئەدەبێك بێتە قوتابخانە.. بەو مانایەش زاراوەی کلاسیك زاراوەیەکی کراوەیە،

نووسەری لاتینی (ئۆڵەس گیلیەس)* یەکەم کەس بوو، کە لە سەدەی دووەمی زایینی ئەو زاراوەیەی بە دژی ئەدەبی (شەعبی/ ئەدەبی زارەکی) بە کار هێناوە.*
ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەدەبی کلاسیك سەرەتای بڵاوبوونەوەی وەك ئەدەبێکی بە (ساڵاچوو) کەچی ناشێ لە کات و شوێنی دیاریکراو و کەمەڵك تایبەتمەندی دیاریکراو بەندی بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ئەدەبی کلاسیك هەموو ئەو بەرهەمە ئیبداعی و جوانانە دەگرێتەوە، کە وەڵای ئەوەی ساڵانێکی درێژیان بەسەردا تێپەڕیووە، کەچی ئێستایشی لەگەڵدا بێت خوێنەرانێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەدەبی کلاسیك دژ بە ئەدەبی شەعبی هاتۆتە ناوەوە، یان لەبەر ئەوەی دژ بە سیستم و ئاکار و نۆرم و پێوانە باوەکان کاری کردووە، بۆیە جوانی ئەو ئەدەبە بە چینی باڵا و ئەرستۆکراتەوە لکێنراوە!
ئەرستۆ عەقڵ وەك بنەما و پێوانەی فەلسەفەی جوانیی ئەدەب بەرجەستە دەکات، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوە عەقڵ و ڕۆشنبیرییە، پەیامی کەمەڵایەتی ئەدیب و شاعیر دیاری دەکات و خۆشی و سوود یەك دەخات، هەر بەو مانایەش ئەرستۆ پێیوایە ئەدەب بۆ هەمووان نییە، بەڵکو بۆ دەستەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیرە، تەنها ئەو دەستەیەیە لە هونەر و جوانی شیعر دەگەن، لەو خاڵەوە ڕەخنەگران ئەدەبی کلاسیك بە دژی ئەدەبی شەعبی ناو دەبەن. بایەخی ئەو خاڵەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گرنگیدانی ئەرستۆ بە فۆرم و شێواز لە لایەك و ڕوونی و جوانی و گوزارشتکردن لەلایەکی دیکەوە… جگە لەوەش هەمیشە ئەرستۆ جەختی لە سوودی ئەدەب و هونەر کردۆتەوە، سوودی ئەدەب و هونەریش لای ئەرستۆ ئەوەیە، کە چێژ و خۆشیمان پێببەخشێت! بە بۆچوونی ئەرستۆ هەموو ئەوانەش لە ڕێگای فێربوون و پیشەکارییەوە دێتە دی، فێربوون و پیشەکاریش پشت بە ئیلهام و بەهرە دەبەستێت.
بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەدەبی کلاسیك، لە دید و تێڕوانینی ئەدەبی گریکییەوە هەڵقوڵاوە، بە دژی ئەدەبی شەعبی و کۆی وێناکردن و دابونەریت و ئاکارە باوەکان دەوەستێ و بە دەستەیەکی دیاریکراوەوە دەلکێت.. وەك دەزانین ئەدەبی یۆنانی بە هەموو ژانرەکانییەوە هەر لە ڕەخنەی ئەدەبی و ئەفسانەوە تا دەگاتە شیعر و شانۆوە بە (پەیگانیزم) بتپەرستییەوە بەندە، کەواتە ئەدەبی کلاسیك سەر بە پەیگانیزمی یونانییە، دواتر ڕۆمانییەکان دێن و هەموو ئەو بەها ئەدەبییانە لە یۆنانییەکانەوە وەردەگرن. دەمەوێ لە کۆی ئەو قسانەوە بڵێم ئەرستۆ وەك چۆن بە دامەزرێنەری بنەماکانی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان ناسراوە، بە هەمان شێوە بە دامەزرێنەری ئەدەبی کلاسیکیش دەژمێردرێت، بە دیوەکەی دیکەش ئەدەبی

کلاسیك لەبەر ئەوەی بە ئەدەبی چین و دەستەیەك دادەنرێت، کە دژی کۆ و دابونەریت و نەرمە باوەکان وەستاوە، بۆیە دەشێ وەك ئەدەبێکی نەفرەتلێکراو تەماشای بکەین.

1/2

(پاشایەتی) کە بە دەوڵەتی حوکمی رەها ناوبانگی دەرکردبوو، جگە لەوەی بۆ مانەوەی گیانی خۆی پارێزگاری لە کۆنەخوازی دەکرد، بە دیوەکەی دیکەش بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا، دەسەڵاتەکەی لە سامانی دنیایی بۆ بەش نەکات! بەو مانایە دەشێ بڵێین هەر لە سەدەی سێزدەوە حکومی پاشایەتی خۆی لە دوو عەقڵی جیاوازەوە دەبینێتەوە، یەکێکیان دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی، کە خۆی بە ئایینەوە هەدەواسی، ئەویدیکەیان بورژوازیی، کە بە دنیاوە لکاوە. لە پشت عەقڵی دەرەبەگایەتی پەیوەست بە ئایینەوە، ئەدەبی شەعبی وەستا بوو، بەڵام لە دووتوێی عەقڵی بورژوازی دنیایی، ئەدەبی کلاسیکی نەفرەتلێکراو.

کەواتە ئەدەبی نەفرەتلێکراو لەلایەن ئایینەوە ئەدەبێکە، کە بانگەشەی عەقڵ و ئازادی و تاکگەرایی دەکات و هەژموونی ئایینی و دەسەڵاتی نەرمە ئایینیەکان بە سەر کۆمەڵگادا ڕەتدەکاتەوە، هەر بەو مانایەش پشت بەستنی ئەدەبی کلاسیك بە نموونە باڵاکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی (داستانی ئەلیادە و ئۆدیسە، هۆمیرۆس و شانۆگەرییەکانی سۆفۆکلیس و یۆریدیس.) و لاسایی کردنەوە و دراسەکردنی بنەما هونەرییەکانیان و دواتر خۆ دادەمەزراند لە سەر بنەما تیۆرییەکانی گەورە فەیلەسوفانی یۆنان و ڕۆمان (ئەفلاتوون و ئەرستۆ و هۆراس) و بە تایبەتی کتێبی (هونەری گوتار) و (هونەری شیعر)ی ئەرستۆ، هەر تەنها لە هەنگاونان لە ئەدەب و هونەری شەعبییەوە بۆ کلاسیك، کورت ناکرێتەوە! بەکو لە پشت ئەو گەشە هونەری و ئەدەبییە، گۆڕانکارییەکی گەورە، لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگای ئەوروپی لە ئارادا بوو، ئەویش تەجاوزکردنی دەرەبەگایەتی و هەنگاونان بوو بەرەو بورژوازیی و سەرمایەداری و سەرمایەداری بازرگانی..

وەك گوتمان لە سەدەی دووەمی زایینییەوە (ئەلێس گیلیێس)* زاراوەی کلاسیکی بە دژی ئەدەبی (زارەکی) بە کار هێنا، بەڵام هەمیشە مەسیحییەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا، ئەدەبی کلاسیك ئەو بەها بتپەرستییە لەخۆی دابماڵێت و مۆرکی (ئینجیل) و بنەماکانی ئایینی کریستیانی لەخۆ بگرێت، بەڵام نەیانتوانی لەو بارەوە سەرکەوتنی تەواو بە دەست بهێنین، چونکە ئەدەبی کلاسیك خۆی لە گەڵانەوە بۆ ئەدەبی گریکی و ڕۆمانی کۆندا هەدەگرتەوە، بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئەدەبەش وزەکانی خۆی لە تێڕوانینی بتپەرستییەوە وەرگرتبوو! هەر

لەوشەوە ئەدیب و رەخنەگرانی ئیتالیا لە سەدەی سێزدەی زایینییەوە دوای پەیبردن بەو تواوانینە و کارەکانی ئەرستۆ، بەرەوکی زریان بە ئەدەبی کۆنی یونانی دا.
بە دیوەکەی دیکەش نووسەری ئیتالی (جیۆڤانی پۆکاچیۆ 1313-1375ز) کە هەموو هەوڵەکانی لە (دیکامیرۆن)دا خۆی دەبینێتەوە: دیکامیرۆن پێکهاتووە لە سەد کورتە چیرۆکی کورت و لە ماوەی (10) ڕۆژدا و (10) کەس (حەفت کچ و سێ کوڕی گەنج) کە لە ترسی باوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا، لە باڵەخانەیەکدا خۆیان حەشار دابوو، ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە، جیاوازی ئەو کەمەڵە چیرۆکەی لەودایە، کە پاڵەوانەکانیان هەر تەنها لە چینی باڵا و ئەریستۆکرات نین، بەکو خزمەتکارەکانیش ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا دەگێڕن. وەك چۆن سروشتی چیرۆکەکان شێوەی گاڵتەجاڕی لەخۆ دەگرن، هەر بەو شێوەیەش پۆکاچیۆ کارە ناشیرینەکانی پیاوانی ئایینی ڕیسوا دەکات. لێرەدا پۆکاشیۆ وەکو (دانتی 1265-1321) بۆ پاڵەوانەکان پەنای نەبردۆتە بەر (ڕابردوو)، بەکو پاڵەوانەکانی لە نموونەی واقیعی (سەردەم)ەکەی خۆی هەڵبژاوە.. (ئەو کەمەڵە چیرۆکە لە لایەن "صالح علمانی" تەرجەمەی زمانی عەرەبی کراوە، ساڵی 2006 لە دەزگای "مەدا" چاپ و باڵاو کراوەتەوە) دواتر پۆکاشیۆ هەموو تەمەنی خۆی بۆ ڕاڤەکردنی کۆمیدیای دانتی تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی لەو ڕۆگایەوە لەگەڵ سەردەم بیگونجێنێت.
ئەگەرچی نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ڕۆبازی کلاسیك بە کۆنترین ڕۆبازی ئەدەبی دەستنیشان دەکەن، بەڵام بۆگومان ئەدەب و هونەر هەمیشە لە پێش ئەو ناونان و ڕۆبازانەوە بوونی خۆی هەیە، هەمیشە ناونان پشت بە بنەما و سیما دیارەکانی ئەو بوونە دەبەستێت، کە لە پیش ناونانەوە کەمەڵك پانتایی جیاواز بۆ خۆی فەراهەم دەکات.

وەك چۆن لە نێوان ڕۆبازی ئەدەبی و ڕۆبازی ڕەخنەی ئەدەبی جیاوازی هەیە، بە هەمان شێوەش (شەپۆل- تیار) و (ڕۆباز- منهج)یش جیاوازییان لە نێواندا هەیە، ئەگەر بۆ قسەکردن لە ڕۆبازی ئەدەبی قسە لە ڕۆبازی کلاسیکی و ڕۆمانسی و واقیعی و ڕەمزی و بەرناسی و وجودی و عەبەسی… بکەین، ئەوە ڕۆبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی خۆیان لە ڕۆبازی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئیستێتیکی… هەڵدەگرنەوە.
بە دیوەکەی دیکەش دەتوانین دوو شێوە لە ڕۆباز دیاری بکەین، ڕۆبازی (ناوەکی) کە خۆی لە وەسفکردن و شیکردنەوەی خودی دەقدا دەدۆزێتەوە، ڕۆبازی (دەرەکی) کە بە مێژووی بەراوردکردنی دەقەکانەوە بەندە. کەچی (شەپۆلی ئەدەبی) خۆی لەو ئاستەیە، یان دیدە، یان فیکرە تیۆرییە ڕووتەدا دەبینێتەوە، کە ڕەنگە لە میانی

كەمەك نەخشە و هێلكاریدا بەجێ بهێنرێت، دواجار دەشێ هەموو ئەوانەش بەرەو (رێباز)مان بەرن.
وەك دەزانین سەرەتاكانی ئەدەبی كلاسیك لە ئیتاڵیا چەكەرەی كردووە، سەدەی دوانزە و سێزدە (دانتی) یەكێك بووە، لە رابەرانی رێنیسانس و بە ناوبانگترین شاعیری ئیتاڵیا، كە داوای كرد، لە بری زمانی (لاتینی) زمانی (نەتەوە)یی بێ نووسین بە كار بهێنرێت.* وەك چۆن شاعیر و نووسەری ئیتاڵی (پیتراك 1304-1374) بە یەكەم كەس دەژمێردرێت، كە هەوڵی داوە (زانستی مرۆڤایەتی) رووبەڕووی (لاهوت theology) بكاتەوە و یەكێكیش بوو، لەوانەی كە لەگەڵ دانتی بە هۆی هەوڵستی سیاسییان لە شارەكەی خۆیان وەدەرنراون. یەكێكی دیكە لەو شاعیرانەی كە دەورێكی باڵای لە بڵاو كردنەوەی هەستی نەتەوەییدا بینی (پێكاشێ) بوو..
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەدەبی كلاسیك لە فەرەنسا پێگەیشت. شاعیری كۆشكی مەلیك (هینری چوارەم)ی فەرەنسا (فرانسوا دو مالێرب 1555-1628ز) بە رابەری ئەو رێبازە لە قەڵەم دەدرێت، وەك چۆن هەر یەك لە (كۆرنی 1601-1648) شاعیر و دراماتووس و (راسین 1639-1699) شاعیر و شانۆنامە نووس، دوو (قۆناغی جیاواز)ی ئەدەبی كلاسیك، لە فەرەنسا پێكدەهێنن… لێرەدا دەمەوێ لە نۆوان شۆنی سەرهەدان و شۆنی گەشەكردنی ئەدەبی كلاسیك بڵێم ئەگەر ئیتاڵیا وەك شۆنی سەرهەدان، راستەوخۆ لە سەر لاساییكردنەوەی ئەدەبی گریكی وەستا بێت، ئەوە دەشێ وەڵای ئەو پرنسیبە بڵوامان بە جۆرێك لە جیاوازی و هەبژاردن هەبێت، ئەویش تێكەڵكردنی پرنسیبی عەقڵە بە پرنسیبی لاساییكردنەوە. بەو مانایەش ئەگەر چەمكی لاساییكردنەوەی ئەرستۆیی بنەما فەلسەفییەكانی رێبازی كلاسیك بەرهەم بهێنێت و بە شێوەیەكی گشتی خەسڵەتە هونەرییەكانی پەیوەندی بە (رووبەڕووبوونەوە) و (تێكەڵكەیی پێكهاتەی رستە) و (رەوانبێژی شێواز)ەوە هەبێت، ئەوە لە كۆی ئەو خەسڵەتانە، دەتوانین بایەخی (بابەت) و پشتگوێخستنی (خود) هەبگرینەوە؟! بەڵام فەرەنسییەكان لە رێگای تێكەڵكردنی پرنسیبەكانی عەقڵ، هەوڵیان داوە سنورەكانی هەست و سۆز و خەیاڵ دەستنیشان بكەن، هەر لەوێشەوە (راسین) دەڵێت: با بە (دڵ بیر بكەینەوە) و (بە عەقڵ هەست بكەین) و (بە خەیاڵ دەرك بكەین).
بە كورتی ئەگەر ئیتاڵیەكان لە سەر رێبازی یۆنانییەكان جەختیان لە رێبازی كلاسیك كردبێتەوە، ئەوە فەرەنسییەكان بە لای ئەدەبی (لاتینی)دا شكاونەتەوە، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش دەشێ پەنجە بێ خەسڵەتە هونەرییەكانی ئەدەبی كلاسیك لای فەرەنسییەكان دڕۆژ بكەین، كە خۆی لە زاڵبوونی (فۆرم) بەسەر (ناوەرۆك)دا دەبینێتەوە، هەموو ئەوەش جیاوازی نۆوان تیۆری لاساییكردنەوەی ئەرستۆ و پرنسیبەكانی

عەقڵمان نیشان دەدا!! لێرەوەیە (راسین) هەوڵدەدا شانۆی لاتینی بنووسێتەوە، نەك (سۆفۆکلیس)ی گریکی.. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێت، ئەو کاتە رێبازی کلاسیك لە ئەوروپا گەشەی کرد، کە لە هەوڵی گەڵەکردنی بەها مرۆییەکاندا بوو، بەو مانایەش بەشێکی زۆری ناونانی ئەو ئەدەبە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەها مرۆییەکان و نەمرییەوە هەیە، دواجار هەر لەوڕوە دەتوانین بڵێین ئەدەبی کلاسیك نە شوێن دەناسێ و نە کات و چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، بە دیوەکەی دیکەش رێبازی کلاسیك سەر بە گۆڕانکارییە گەورەکانی شارستانی و دنیای بیرکردنەوە و بواڕەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

1/4

رێبازی کلاسیك هەر لە سەدەی دووەمی زایینی لەلایەك وەك رێبازی قوتابخانەیی، یان بنەڕەتی و باڵایی.. و لە لایەکی دیکە وەك ئەدەبێکی ئاڵاستەکراوی دەستە و تاقمێکی ئەرستۆکراتی و پایە بەرز.. خۆی لە ڕەوانبێژی زمان و هۆزی تەعبیرکردن و ڕوون و ئاشکرایی دەدزێتەوە، بەڵام لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپی ئەدەبی کلاسیك بە هەموو ئەو ئەدەبە دەگوترا، کە خۆی لە بەها مرۆییەکان (خێر) و (ڕاستی) و (جوانی)دا دەبینییەوە! هەمیشە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتیش دەکەونە دەرەوەی شوێن و کات و چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەوە. بەها مرۆییەکان لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەدەبی سەردەمی ڕێنیسانس دەژمێردرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی کلاسیك لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بە هەمان شێوەی سەردەمی پێشوو، پارێزگاری لە شێواز و ڕەوانبێژی و هۆزی تەعبیرکردن و بەرجەستەکردنی سۆز و پەیوەستبوون بە پرنسیبەکانی ئەخلاق و ڕێزگرتن لە نەرمە کۆمەڵایەتییە باوەکان و بەکارهێنانی بێ ئامانجی فێربوون.. دەکرد. دەمەوێ بڵێم ئەوەی ئەدەبی کلاسیك لە سەدەی دووەمی زایینی و سەردەمی ڕێنیسانس، جیا دەکاتەوە، جگە لە بەها مرۆییەکان، خۆی لە کەشفکردن و شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و جەختکردنی شێواز و بابەتگەراییدا دەبینێتەوە، هەموو ئەوانەش پشت بە (ڕێشنبیریی) و (پیشەیی بوون) دەبەستێت، ئامانجەکەشی لە چێژی هونەرییدا دەردەکەوێت. هەبەتە لە دووبارەکردنەوەی هەموو ئەوانەدا، پرسیاری من ئەوە نییە (ئەدەبی کلاسیزمی کوردی) دەکەوێتە کوێی ئەدەبی کلاسیکەوە؟ بەکو دەمەوێ بڵێم ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ریشەی ئەدەبی کلاسیك بە هەموو ژانرەکانییەوە بە دید و بۆچوون و تێوانینی بتپەرستی گریکییەوە بەند بێت و ڕەمانییەکان کێی ئەو بیرۆکا و بەها ئەدەبیانەیان لەوانەوە وەرگرتبێت، ئایا دەتوانین دیدی بتپەرستی لە نێو (ئەدەبی کلاسیزمی کوردی) بەدی بکەین؟

کریستانییەکان لە سەردەمی خۆیان دژی بەهای بتپەرستی بوونە و هەوڵیانداوە ئەدەبی کلاسیك مۆکی ئایینی مەسیحی وەربگرێت، بەڵام هەڵی سەرنەکەوتنیان راستەوخۆ پەیوەندی بە هۆزی سەرچاوە یۆنانییەکەوە هەبووە!! بەڵام لە بیرمان نەچێ لە سەدەکانی ناوەڕاست (پێش رینیسانس) دەسەڵاتی کلیسا، پیاوانی ئایینی توانیان ئەدەب و هونەر بە گشتی بخەنە ژێر بیروڕایەك کە لەگەڵ کلیسەدا بگونجێ، ئەدەب و هونەرییان ئاڕاستە دەکرد و دەیانویست لە خزمەتی ئایین و پیاوانی ئایینیدا بێت، هەر بۆیە فەیلەسوفانی ئیستێتیکا رایانوایە کە رێنیسانس قەڵەمبازێکە بە سەر سەدەکانی ناوەڕاست و بیروڕای کلیسە. رینیسانس هەوڵدانێکی مەزن بوو بۆ رزگار بوون لەو کۆت و پێوەندانەی دەرەبەگایەتی بە سەر نووسەر و هونەرمەنداندا سەپاند بووی..*

شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی (جۆن میلتۆن 1608-1674) یەکێك بوو لەوانەی کە ئایین و کتێبی پیرۆز (ئینجیل)ی بە سەرچاوەی سروش دادەنا و وەك ناوەڕۆکی کارەکانی سوودی زۆری لێوەردەگرتن. بە دیوەکەی دیکەش میلتۆن یەکێك بوو لەو ڕەخنەگرانەی، کە پێیوابوو ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە ئامرازێکە بۆ دنەدان و دنەدانی فیکرەیەکی دیاریکراو، وەك چۆن جەختی لەسەر وەزیفەی سیاسی شیعر دەکردەوە، گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشی بە هەند هەڵدەگرت، بەڵام هەمیشە مەسەلەی چۆژی بە نیازێکی ئەخلاقی و جوانیی دەبەستەوە، نەك بە تاقم و چینێکی دیاریکراوەوە.. من دەپرسم ئایا ئەوە هۆزی (ئایینی ئیسلام)ە وا دەکات ئەدەبی کلاسیزمی کوردی لە (حوجرە و مزگەوت)ەکانەوە سەر هەبدات، یان پەیوەندی بە بۆهۆزی (ئەدەبی زارەکی کوردیی) و بە بێ ئاگایی و دەرك نەکردنی (چەمکی لاسایکردنەوەی ئەرستۆیی و عەقڵ وەك بنەمایەك بۆ فەلسەفەی جوانی ئەدەب)ەوە هەیە، کە بە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی کلاسیك دەژمێردرێن؟

بۆگومان سەرەتای بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کلاسیك لە ئیتاڵیا، لە سەدەی سێزدەمی زایینی دوای پەیبردن بە ئەرستۆ و بنەما گریکییەکان، بە تایبەتی لەسەر دەستی شاعیرانی سەردەمی رێنیسانس و دواتر لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و لەسەر دەستی پێشەنگی قوتابخانەی ئینگلیزی (شکسپیر 1564-616ز) گەیشتە ترۆپك. بەڵام لە سەدەی شانزە و حەڤدەی زایینی ئەوە ڕەخنەگران و ڕەخنەگرانی فەرەنسی بوون، توانیان لە ڕێگای کۆمەڵك تێز و پەرەنسیبەوە، هۆزێکی نوێ بە ئەدەبی کلاسیك ببەخشن! ئەگەرچی وازیان لە چەمکی (لاسایکردنەوە)ی ئەرستۆیی نەهێنا، بەڵام بایەخێکی زۆریان بە عەقڵگەرایی و فیکرەی تاکگەرایی دەدا و توانیان جۆرێك لە هاوگونجان لە نێوان

بابەتگەرایی بنبەستی کلاسیکی کۆن و خودگەرایی پەیگیری رۆمانسیی دروست بکەن. یەکێك لەو رەخنەگرانە، رەخنەگری فەرەنسی (نیکۆلا بوالۆ 1636-1711)* بوو، کە توانی جەخت لە یەکێتی (بابەت) و (شوێن) و (کات) بکاتەوە و بنەغەکانی ئەدەبی کلاسیك نوێ بکاتەوە. هەر لەوێشەوە قوتابخانەیەکی جیاواز لە زۆر رووەوە بە ناوی نیوکلاسیك (Neo classical) هاتە ئاراوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

*- مێژوونووسان مێژووی گەلانی ئەورووپا بەسەر سێ چاخ دابەش دەکەن، یەکەم، چاخی کلاسیکی دێرین (سەردەمی دەسەڵاتداریەتی گریك و رۆمان، کە پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگرێتەوە). هەندێ وای دەبینین کە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە (سەردەمی یۆنان و رۆمانی دێرین) کلاسیزمی کۆنە، ئەو کلاسیکەی دواتری ئەورووپا بە کلاسیزمی نوێ دادەنێن. دووەم، چاخەکانی ناوەڕاست، کە بە سەردەمێکی زۆر تاریك دەژمێردرێت لە ئەورووپادا، لەگەڵ باڵابوونەوەی مەسیحییەت بە ئەورووپادا دەست پێدەکات تا کۆتایی سەدەی 16م. بە سەر دوو قۆناغ دابەش دەکرێت: یەکەم چاخەکانی ناوەڕاستی بەرایی، واتە پێش رێنیسانس، کە دەسەڵات و بڕچوونی کەنیسە تێیدا باڵا دەست بوو، لەگەڵ هەرچی بینینێکی میتافیزیکیانە و ئاخیرەتپەرستانە و فەرامۆشکردنی دنیا. دووەم، چاخەکانی ناوەڕاستی دواتر (سەردەمی رێنیسانس، واتە ماوەی سەدەی 15 و 16ز) کە بیرکردنەوەی زانستی و میتۆدباوەڕی و دنیاباوەڕی سەر هەڵدەدەن. سێیەم، چاخی نوێ، بە بڕچوونی ئارنۆڵد هاوزەر، خاڵی گۆڕانی راستەقینەیە، واتە "چاخی نوێ" تەنیا لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدەمەوە (لەگەڵ هاتنی سەردەمی رۆشنگەرییەوە) دەست پێدەکات. سەردەمی رێبازی کلاسیزم (چاخەکانی ناوەڕاست تا رێنیسانس، لە دوای باڵابوونەوەی مەسیحییەتەوە تا کۆتایی سەدەی 16ز) لە بواری سیستمی سیاسییەوە بە قۆناغی هیراشی (بتپەرستی) دەناسرێتەوە، لە بواری فەرمانڕەوایەتیدا بە پاشایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ دادەنرێت… حکومەت زۆر تونددەوانە فەرمانڕەوا بوو. پاشا، کە خودا مافی دەسەڵاتی پێدابوو فەرمانڕەوای موتڵەق بوو. خۆشەویستی وڵات دەبووایە تەکەڵ بێت بە خۆشەویستی بۆ پاشا، دروشمی هەموو کەسێك ئەوە بوو یەك قانوون، یەك ئایین، یەك پاشا… کلاسیزم ئەو دەستورانەی بە موتڵەق دادەنا و نەدەبووایە لێی لابدرێت.

*- بزوتنەوەی رێنیسانس لە ماوەی سەدەی 15 و 16 رێکی مەزنی بینی لە بەرەوپێشبردنی رێبازی کلاسیزم، وەك چۆن بزوتنەوەی هیومانیستەکان لە سەدەی 15 روویەکی گەشی بزوتنەوەی رێنیسانس بوو.

- – لە ناوەڕاستی سەدەی شانزە کۆمەڵك ئەدیب و نووسەری ڕۆشنبیر لە فەرەنسا دەرکەوتن و داوای لاسایکردنەوە و فێربوونی بنەماکانی ئەدەبی کۆنییان دەکرد و پێیان دەگوتن (پلێیاد- لەپلەیاد: ناوی حەوت کچی ئەتڵەس بوو، ئەو حەوت کچە لە نائومێدی خۆیان دەکوژن و دەبنە ئەستێرە).

*- نووسەری ڕۆمانی لە کتێبی (شەوانی ئەتیکا) ئەو زاراوەیەی بە کار هێناوە. بروانە ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە د. فەرهاد پیربال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر 2004، ل15-16.

*- المژاهب الادبیه من الکلاسیکیه إلی العبپیه، د. نبیل راغب – مکتبه مصر – القاهره.

*- گیلیەس ئەو توێژەرە ڕۆمییە نووسەرانی بەسەر دوو گروپ دابەش کردووە، نووسەرانی کلاسیك و نووسەرانی عەوام، بەو نووسەرانەی دەگوت کلاسیك کە بەرهەمەکانیان شایستەی خوێندنەوەی چینە باڵاکانی کۆمەڵ بوایە، بەرە بەرە ئەو سیفەتە مانایەکی فرەوانتری پەیدا کرد و بە بەرهەمێك دەگوترا کە شایستەی وتنەوە بوایە لە پێلەکاندا و بۆ پەروەردەی جەوانان بشیابایە. قوتابخانە ئەدەبییەکان، نووسینی (ڕەزا سەید حسەینی) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، ل18.

*- یەکێك لە دەستکەوتەکانی سەردەمی ڕینیسانس دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە بوو، واتە دروستبوونی دەوڵەت لە سەر بنچینەی نەتەوە. ئەوە وای کرد زمانی لاتینی کە زمانی نووسینی زۆربەی نەتەوەکانی ئەورووپا بوو، وردە وردە بداتە پاش و زمانی نەتەوەکان بڕەو بسەنێت و هەر نەتەوەیەك زمان و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی خۆی ببوژێنێتەوە.

*- بروانە ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە د. فەرهاد پیربال.. ل21-22.

*- خاوەنی کتێبی (هونەری شیعر)ە لەو کتێبەدا قسە لە کەلەپوری کلاسیك و بە تایبەتی بیروڕاکانی ئەرستۆ، وەك چۆن مەسەلەی (حسی سەلیم Common Sense) دەوژێنێ و ئەو زاراوەیە یەکێك بووە لە نموونە باڵاکانی داهێنەرانی ئەو کات، لەلایەکی دیکە بوالێ پێیوابوو دەبێ شاعیر فێری ئەوە بێت، کە بە پێی ڕێساکانی عەقڵ بنووسێت، بۆ ئەوەی بتوانێ دەرك بە حسی سەلیم بکات، ئەوەش دەبێ لە ڕێگای دوورکەوتنەوە لە درۆژدادری و دووبارەکردنەوە مەیسەر بکات، وەك چۆن

دەیگوت پێویستە لە سەر شاعیر عەقڵی خۆی لە بارەی سروشتەوە بەکار بهێنێت، ئەوەش یەکێك بوو لەو پرنسیبانەی کە بە شێوەیەکی گشتی کلاسیزمی نوێ بانگەشەی بۆ دەکرد، بە دیوەکەی دیکەش جەخت لە سروشتی ناوەکی و هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤ بکاتەوە، هەموو ئەوانەش لە ڕێگای حسی سەلیمەوە بەجێ دەهێنرێت، وەك ئەوەی بوالێ قسەی لێ کردبوو. بۆ زێتر شارەزایی بروانە ئینتەرنێت: أ.د أحمد صقر – کلیە الآداب – جامعە الإسکندریە.

یوڤال نوح هەراری لە بارەی کوڤید-19: گەورەترین مەترسی خودی ڤایرەسەکە خۆی نییە

دەکرێ قیرانەکە ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ کۆمەڵگا. ئەمە ئێستا کاتە ڕێگا دەگرینەبەر؟ پرۆفیسەر یوڤال نوح هەراری، کە کەمپانیایەکی یەك ملیۆن دۆلاری بەخشیوەتە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئاوڕ ڕووندەکاتەوە کە چۆن ئەو بڕیارانەی ئەمڕۆ لە ئەمەدا دروستی دەکەین لە بارەی کوڤید-19 داهاتووەمان دەگەڕێت.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دیار عەزیز شەریف

دی دەبلیو: پرۆفیسەر هەراری، ئەمە لە ناوەڕاستی ئەو پەتا جیهانییە داین. چ شتێك زەرترین لایەنی مەشکی تەی بەخێوەو سەرقاڵ کردووە لە بارەی ئەوەی وا دەبینین جیهان چ گۆڕانکارییەکی بەسەردادێت؟
یۆڤال نوح هەراری: من پێموایە گەورەترین مەترسی خودی ڤایرەسەکە خۆی نییە. مرۆڤایەتی تەواوی مەعریفەی زانستی و ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەی لەبەردەست دایە بۆئەوەی بەسەر ڤایرەسەکەدا زاڵ ببێت. کێشە ڕاستەقینەکە گەورەکە شەیتانەکانی ناوەوەمان، ڕق و کینەمان و، چاوچنۆکی و دواکەوتوویەکەمانە. من دەترسم کە خەڵك کاردانەوەی لەبەرامبەر ئەم قیرانە بەشێوەی هاریکاریی جیهانی نەبێت، بەکو بە ڕقلەبوونەوە، سەرکەنەکردنی وەاتانی تر،

سەرزەنشتکردنی کەمایەتییە ئیتنیکی و ئایینییەکان بێت.
بەڵام بەو ئومێدەم کە ئەمە بتوانین هاوسۆزیمان پێشبخەین، نەوەک رق و کینەمان، بەشێوەی هاوکاریی جیهانی کاردانەوەمان لە بەرامبەری هەبێت، کە سەخاوەت و بەخشینمان پێشدەخات بۆ یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. هەروەها توانای خەمان پێشبخەین تاوەکو حەقیقەت جیابکەینەوە و باوەڕ بەم هەموو تێریگەڵەی پیلانگێڕیی نەکەین. ئەگەر ئەمەمان کرد، من گومانم لێوەدا نییە کە ئەمە دەتوانین بە ئاسانی بەسەر ئەم قەیرانەدا سەربکەوین.
دی دەبلیو : ئەمە ڕووبەڕووی، هەرەشە تێ وتوتێ، هەڕەشەزاردنی نێوان چاودێریی تاڵیتاری و هاووڵاتیی بەتوانا و بەهێز دەبینێوە. ئەگەر ئەمە وریا نەبین، پەتایەکە لێوانێیە خاڵکی وەرچەرخان لە مژووی چاودێرییکردن دەنێتەکایەوە. بەڵام چۆن دەتوانم ئاگاداری خەم لەگەڵ شتێك کە لە دەرەوەی کەنتڕۆڵی و دەست بەسەرداشکاندنی من دایە؟
یوڤال نوح هەراری: ئەمە بەتەواوی لە دەرەوەی کەنتڕۆڵی تەدا نییە، بەڵایەنی کەمەوە لە دیموکراسی دا. تێ دەنگ بە سیاسەتمەدار و حیزبە تایبەتانە دەدەیت کە سیاسەت دادەڕێژن. بەمەش تێ هەندێك دەستت بەسەر سیستەمە سیاسییەکەدا دەشکێت. تەنانەت ئەگەر ئەستاکە هەڕەشەزاردن لە ئارادا نییە، بەڵام هەشتا سیاسیەکان هەر لە بەرامبەر فشاری جەماوەریی وەڵامیان دەبێت.
ئەگەر جەماوەر بەو پەتایە تووشی تەقین ببیێت و داوای سەرکردەیەکی بەهێز بکات تاوەکو دەست بەسەر هەموو بارودۆخەکەدا بگرێت، ئەوکات ئەمە ڕەگایەکە زۆر ئاسانتر دەکات بۆ دیکتاتۆرێك کە بڵاستی ئەمە بکات، دەستبەسەرداگرتن و دەسەڵاتی ڕەها. ئەگەر، لەلایەکی تر، تێ هەزی ڕەتکردنەوەت هەبوو لەلایەن جەماوەرەکە لەو کاتەی کە بینیان سیاسەتمەدارەکە زۆر ڕێشتووە، ئەوکات ئەوە دەتوانێت ڕەگە لە ڕووداوی مەترسیدارترین بڕوپشچوونەکان بگرێت.
دی دەبلیو : من چۆن بزانم باوەڕ بە کە یان چی بکەم؟
یوڤال نوح هەراری: یەکەمجار، تێ ئەزموونی رابردووت هەیە. ئەگەر تێ خاوەنی سیاسەتمەدارانەکی کە لە دوو ساڵی رابردوو دڕیان لەگەڵ تێ کردووە، کەواتە هەیەکی کەمترت لەبەردەست دایە تاوەکو لەم بارودۆخە نائاسییە باوەڕیان پێ بکەیت. دووەمین، تێ دەتوانیت پرسیار لەبارەی ئەو تێریانە بکەیت کە خەڵك بە تێی دەڵێن. ئەگەر کەسێك بە چەند تێریەکی پیلانگێڕیەوە هات لەبارەی ڕەگ و ریشە و بناوبوونەوەی قایرەسی کۆڕۆنا، پرسیار لەو کەسە بکە بۆچی بە تێی ڕوون بکاتەوە قایرەسەکە چییە و چۆن دەبێتە هۆکاری نەخۆشی.

ئەگەر کەسەکە هیچ بیرەکە و بۆچوونێکی نەبوو، کە ئەمەش بەمانای ئەوە دێت ئەوان مەعریفەیەکی بنەڕەتیی زانستییان نییە، بەمەش باوەڕ بە هیچ شتێکی تری ئەو کەسە مەکە کە لەبارەی پەتای ڤایرەسی کۆرۆنا بە تۆ دەڵێت. تۆ پێویستت بە بەوانەی دکتۆرا لە بایۆلۆژی نییە. بەڵام تۆ پێویستت بە هەندێك تێگەیشتنی بنەڕەتی لە هەموو ئەم شتانە هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا، ئەمە سیاسەتمەداری جەماوەریی (پۆپۆلیستی) جۆراوجۆرمان بینیوە چۆن هەرشیان دەکردە سەر زانست، دەیانگوت ئەو زانایانە چەند دەستبژێرێکی دوورەدەست و دابڕاون لە خەڵك، دەیانگوت ئەو شتانەی وەکو گۆڕانی کەش و هەوا تەنها فریودان و هەڵخەڵەتاندنن، تۆ پێویستە باوەڕیان پێ نەکەیت. بەڵام لە ساتەوەختی ئێستای قەیرانەکە لەسەرتاسەری جیهان، دەبینین خەڵك لە هەموو شتێك زیاتر زانست دەکەن.
ئومێد دەخوازم ئەمە هەر تەنها لەم ماوەی ئەم قەیرانە لەبیرنەبێت، بەڵکو هەروەها ئەو کاتیش لەبیرمان بێت کە قەیرانەکە تێدەپەڕێت. بەوەی کە ئەمە سور بین لەسەر ئەوەی وانەی زانستیی باش لەبارەی ئەوەی ڤایرەسکان چین پشکشی خوێندکاران بکەین لە قوتابخانە، هەروەها لەبارەی ئەوەی کە تیرێری بڕوپشچوون و گۆشکردن چین. هەروەها کاتێك زانایان لە پاڵ هۆشداری پێدانمان لە شتەکانی تر لەپاڵ پێتاکان، وەکو ئاگادارکردنەوەکان لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا و دامانی ئیکۆلۆژیی، ئەوا ئەمە هۆشداریەکانیان بەهەمان شێوەی جددی وەربگرین کە ئێستاکە وەریدەگرین لە پەیوەست بەوەی ئەوان چی دەڵێن لەبارەی پەتای ڤایرەسی کۆرۆنا.
دی دەبلیو : ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان میکانیزمەکانی چاودێریی دیجیتاڵی جێبەجێ دەکەن بەمەبەستی ئەوەی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرەسەکە بگرن. چۆن دەکرێ ئەم میکانیزمانە کۆنترۆڵ بکرێن؟
یوڤال نوح هەراری: هەر کاتێك تۆ چاودێری بەسەر هاووڵاتیانەوە زیاد بکەیت، ئەوا شانی بەشانی ئەمە چاودێرییکردن بەسەر حکومەتیشەوە لە زیادبووندا دەبێت. لەم قەیرانەدا، حکومەتکان پارە وەك ئاو سەرف دەکەن. لە ئەمریکا، 2 تریلیۆن دۆلار. لە ئەڵمانیا، سەدان بلیۆن یۆرۆ، ئا بەو شێوەیە. وەك هاووڵاتییەك، من دەمەوێ بزانم کە بەیارمەکان دروست دەکات و ئەو پارەیەش بە کوێ دەڕوات.
ئایا پارەکە بۆ ڕزگارکردنی کەمپانیا گەورەکان بەکاردەهێنرێت کە تەنانەت پێش پەتایەکە بەهەی هەڵاوسێی بەیارمەکانی بەرەوبەرەکانیان لە بارودۆخێکی دژواردا بوون؟ یان پارەکە بۆ یارمەتیدانی بزنس و ئیش و کاری بارزگانی بچووك، چێشتخانەکان و دوکانەکان و ئیش و کارەکانی لەم جۆرانە بەکاردەهێنرێت؟

ئەگەر حکومەت زەر پەرەشە بۆ ئاوەی چاودێری زیاتر هەبێت، ئەوا چاودێرییەکە پەیوستە بەهەردوو ئاراستەکەدا ڕە بکات. ئەگەر حکومەتیش بێت، هەی، ئەمە زەر ئاگز و قورس، ئەمە ناتوانین دروست هەموو پاکێج و ئیش و کارە بازرگانییەکان بکەینەوە، ئەوکاتە تە دەڵێیت: "نا، ئەمە ئاگز و قورس نییە. بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە تە لێیەوە دەتوانیت سیستەمکی چاودێری زبەلاح دروست بکەیت بۆ ئەوەی ببینیت کە من ڕۆژانە دەچمە کوە، دەبە دروستکردنی سیستەمکیش ئاسان بێت کە ئەوە پیشان بدات کە تە چی لەو پارەیە دەکەیت کە لە باج پێدانەکەی من دەستت دەکەوێت"

دی دەبلیو : ئایا ئەمە ئیش لەسەر دابەشکردنی هەز و دەسکەات و ڕێگەنەدان لە کەبوونەوەی لای یەك کەس یان دەسکەات دەکات؟

یوڤاڵ نوح هەراری: ڕەك ئاوایە. یەك بیرەکە کە خەڵك وا ئەزموونی دەکەن ئەوەیە کە ئەگەربەتەو تە بخوازیت ئەو کەسانە ئاگاداربکەیتەوە کە نزیك بوونتەوە لە کەسەك کە نەخۆش کەوتووە بە ڤایرەسی کۆرونا. لیرەدا دوو ڕێگە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە: ڕێگەیەکیان هەبوونی دەسکەاتەکی سەنترالی (مەرکەزییە) کە زانیاری لەبارەی هەموو کەسەك کەدەکاتەوە و، پاشان دەریدەخات تە نزیکی کەسەك کەوتوویتەوە کە نەخۆشی کۆڤید 19 هەیە و ئاگادارت دەکاتەوە. ڕێگایەکەی تر بۆ تەلەفۆنکانە بۆ پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ، یەك لەگەڵ ئەوی تریان، بەبێ بوونی هیچ دەسکەاتەکی ناوەندی کە هەموو زانیارییەکان کەبکاتەوە. ئەگەر ئەمن بۆ نزیك کەسەکدا تەبپەڕم کە نەخۆشی کۆرونای هەیە، ئەوا هەردوو تەلەفۆنەکە، تەلەفۆنەکەی ئەو و هی منیش، ڕەك قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن و ئەو کاتە من ئاگادار دەکرەمەوە. کەچی دەسکەاتەکی سەنترالی لە ئارادا نییە گشت زانیارییەکان کەبکاتەوە و بۆدوای هەر کەس بکەوێت.

دی دەبلیو : ئەو سیستەمە چاودێرییە کارپێکراوانە بۆ ئەم قەیرانە هەنوکەییە لەوە زیاتریش دەژین، بۆادەیەك دەکرێ تە بۆ چاودێری-ژێرپێست ناوی بنێیت. کەواتە پێست، وەك شوێنکی دەستلێنەدراوی جەستەمان، هەڵدەقیشێت. ئەمە چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی ئەوە بکەین؟

یوڤاڵ نوح هەراری: ئەمە دەبێ زەر، زەر ئاگاداری ئەمە بین. چاودێری-سەر ڕووی پێست چاودێرییکردنی ئەوەیە ك تە لە جیهانی دەرەوە چی دەکەیت، بە کوە دەڵێیت، چاوت بە کە دەکەوێت، لە سێبری چی دەکەیت لە تەلەڤزیۆن یان لە ئینتەرنێت سەردانی چ وێبسایتەك دەکەیت. ئەم چاودێریکردنە ناچێتە نەو جەستەت. چاودێری-ژێر پیست چاودێریکردنی ئەوەیە کە لەناوەوەی جەستەی تە چی ڕوودەدات. ئەوە بەو شتانە دەست پێدەکات وەکو پلەی گەرمی لەشت، بەڕام دواتر دەتوانێت بە زانینی فشاری خوێنیشت بچێت، بە ژمارە لەدانی ترپەی

دەت، بۆ رادەی چالاکیی مەشکت. کاتێگ تۆ ئەمە دەکەیت، تۆ دەتوانیت زۆر، زۆر زیاتر بچیت لە دەستپێکردا گەیشتن بە زانیاری لەبارەی خۆت بۆ بەراورد لە هەموو زەمەنەکانی پێشووتر.
تۆ دەتوانیت رژێمێکی تەتالیتاری دروست بکەیت کە هەرگیز پێشتر بوونی نەبووە. ئەگەر تۆ بزانیت کە من لە ئێستادا چی دەخوێنمەوە یان تەماشای چی دەکەم لە تەلەڤزیۆن، ئەوا ئەمە چەند بیرکەیەک لەبارەی زۆقی ئەدەبی و هونەریم، گۆشەنیگای سیاسیم، کەسایەتیم بۆ تە دەدات. بەڵام ئەمە هێشتا هەر بە سنووردارییەکانتەوە. ئێستا بیر لەوە بکەوە کە تۆ بەڕاستی دەتوانیت چاودێریی پلەی گەرمی لەشم یان فشاری خوێنم و کەی لەدانی ترپەی دڵم بکەیت لەو کاتەی کە وتارێک دەخوێنمەوە یان لەو کاتەی کە تەماشای پڕۆگرامێک بە ئۆنلاین یان تەلەڤزیۆن دەکەم. ئەوکات تۆ دەتوانی بزانیت من هەر ساتەوەختێک هەست بە چی دەکەم. ئەمە بۆ ئاسانی بڕۆ هێنانکایەوەی رژێمگەلێکی تەتالیتاریی ئۆپێی دزێو دەچێت کە هیچی لێگەڕناکرێت.
ئەمەش شتێک نییە کە هەر دەبێ بتکایەوە. ئەمە دەتوانین ڕێگە لە ڕوودانی بگرین. بەڵام بە ڕێگرتن لە ڕوودانی، ئیمە بڕ لە هەر شتێک پێویستە درک بە مەترسییەکە بکەین، دووەمنیش، ئەمە ئاگاداری ئەوە بین کە لە بارودۆخێکی نائاسایی ئاوا ڕێگە بە چی دەدەین ڕووبدات.
دی دەبلیو : ئایا ئەم قەیرانە وای لە تۆ کردووە کە دەسکاری وێنەکێت بۆ مرۆڤ لە سەدەی بیست و یەک بکەیت؟
یوڤال نوح هەراری: ئەمە نازانین، چونکە لەسەر ئەو بڕیارانە دەوەستێت کە ئەمە ئێستا پێی دەگەین و دەیدەین. مەترسی چینەکی بە سوود بەڵاستی بەشێوەیەکی ئەجگار گەورە لە هەڵکشان دایە بەهەی ئەو قەیرانە ئابووریانە هەنووکەییەوە. ئەمە ئێستا زیادبوونی ئۆتۆماتیکیبوون دەبینین، ئەو ڕۆبۆت و کۆمپیوتەرانە هەروا دێت زیاتر و زیاتر لە ئیش و کارکان شوێنی مرۆڤکان دەگرنەوە، چونکە خەڵک لە ماڵکانی خۆیان بۆندکراون، هەروەها مرۆڤکان دەکرێ تووشی ڤایرەس ببن، بەڵام ڕۆبۆتکان نا.
ئەمە ڕەنگە ببینین کە هەندێک لە وڵاتان لەوانەیە بۆیاری گەورەی هەندێک پیشەسازی بە وڵات بدەن لەبری ئەوەی پشت بە کارگەکانی شوێنکانی تر ببەستن. بۆیە لەوەدەچێت هەردووکیان بۆیەکەوە بێت بەهەی بۆتۆماتیکیکردن و ڕۆتکردنەوەی جیهانگەرایی، بۆتایبەتی وڵاتە پێشکەوتووەکان کە پشت بە دەستی کاری هەرزان دەبەستن، لەناکاو ژمارەیەکی ئەجگار زۆر لە چینی بە سوود لە خەڵکیان هەبێت کە ئیش و کارکانیان لەدەست داوە چونکە ئەو ئیشانە

یان بۆئۆتۆماتیکیکراون یانیش چوونۆتۆ شوێنکی تر.
ئەم هەروەها لەنیو وڵاتە دووەمەندەکانیش رووددات. ئەم قەیرانە دەبێتە هۆی گرانی ئەجگار گەورە لە بازاڕی کار. خەڵك لە ماڵەوە ئیش دەکەن. خەڵك لەرێگەی ئینلاینەوە کار دەکەن. ئەگەربێتو ئەمە وریا نەبین، ئەوە دەکرێ ئەنجامەکەی داماڵانی کاری ڕەکخراوەیی لەبکەوێتەوە، بەڵایەنی کەمەوە لە چەند بوارێکی پیشەسازی. بەڵام ئەمە شتێك نییە کە هەر دەبێت ڕووبدات. ئەمە بڕیارێکی سیاسییە. ئەمە دەتوانین لەم بارودۆخە بڕیارێکە بە پاراستنی مافەکانی کرێکاران لە وڵاتەکەمان دروست بکەین، یان بە سەرتاسەری جیهان. حکومەتەکان پشتیوانی دارایی پیشەسازی و کەمپانیاکان دەکەن بۆئەوەی لە داڵمان و مایەپووچی دەربازیان بکەن. ئەوان دەتوانن بەمەرجی پاراستنی مافی کرێکارەکانیان ئەو هاوکارییە ماددییەیان بکەن. بڕیە هەمووی لەسەر ئەو بڕیارانە دەوەستێت کە ئەمە دروستی دەکەین و دەیدەین.
دی دەبلیو : ئایا مۆژوونووسێکی داهاتوو لەسەر ئەو چرکەساتە چی دەڵێت؟
یوڤال نوح هەراری: پەموایە مۆژوونووسانی ئایندە ئەمە وەك خاڵی وەرچەرخان لە مۆژووی سەدەی بیست و یەك دەبینن. بەڵام ئەمە چ ڕگەیەك دەگرینەبەر ئەوە لەسەر بڕیارەکانمان دەوەستێ. ئەمە شتێك نییە کە پێشوەختە بڕیار لەسەر ڕوودانی درا بێت.

پرۆفیسەر یوڤال نوح هەراری نووسەری کتێبی مرۆڤی عاقڵ: پوختەیەك لە مۆژووی مرۆیی، هەمە دیوس و بیست و یەك وانە بە سەدەی بیست و یەکەم. کەمپانیا کەمایەتییە کاریگەرەکەی بەناوی سایپنس یەك ملیۆن دۆلاری بەخشیە ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی دوای ئەوەی سەرەکی ئەمریکا بڕیاری ڕاگرتنی هاوکاری دارایی بە ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی دا.

https://www.dw.com/en/virus-itself-is-not-the-biggest-danger-says-yuval-noah-harari/a-53195552?fbclid=IwAR1FzLnPK3m7pzQZL9U0fRB5djkSuLA9_-l8ddY4ZBJZCATW0jMHTYMU3mU

گووتاری پۆپۆلیستی و ڕۆشنبیرانی کورد... نووسینی: ستیڤان شۆمزینی

پێشکی

قسەکردن لەسەر ڕووناکبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگەدا و دەور و کاریگەریان لەسەر شێوەی تێفکرینی کۆمەڵگە و دروستکردنی ڕای گشتیی، تەمایەکی پڕ گرێ و گۆ و ئاڵۆزە، بەو پێیەی ڕۆشنبیر لە یەک کاتدا خۆی بەرهەمهێنەری بیری ڕەخنەیی و خودی خۆیشی جێگەی ڕەخنەیە. ئەم هاوکێشەیە وایکردووە کاری ئەمە لە خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری کورد کەمێک دژوار و زەحمەت بێت. هەوەمداوە پێش ئەوەی وەزیفەی ڕۆشنبیران دەستنیشان بکەم، باز بدەم بە قسەکردن لەسەر ئەو بوونەوەرەی لە دنیای ئەمەدا ناوی ڕووناکبیرە، لە دەزانم ڕۆشنبیر وەک چەمک و ناولێنان سەر بە کولتووری بەرژوازییە، بەڵام ئەمە بەرچاوی لێ نەکردووین لە هەستکردن بە گەورەیی پێگە و ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر ڕۆشنبیران. ڕۆشنبیر تاکێکی بەرهەمهێنە و بەهەموو شێوەیەک دژی ئەوەیە ببێتە ئەکتەرێکی ئیستهلاکیی پاسیڤی بە ڕەو و نەخش، بەڵام بەرهەمی دەستی ڕۆشنبیر جیاوازە لە بەرهەمی کەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر، بەوەی ڕۆشنبیر بیر و زانین بەرهەم دەهێنێت، هەر ئەمەشە ڕۆڵەکی فراوانتری بە ڕووناکبیر بەخشیوە، چوونکە بەرهەمی کاری ڕۆشنبیر ستراکتۆرە بە بەرهەمهێنان لە هەموو بوار و ڕەهەندە جەراوجۆرەکانی تری ژیاندا.

ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەی لە دنیای کوردیدا بە ڕۆشنبیر دەناسرێ، کێیە؟ چی بەرهەمهێناوە لەرووی تیۆریی و فیکرییەوە؟ ئایا لە ریشەوە تاکێکی وەبەرهێن بووە یان کاری لەسەر ئەو پاشخانە سیاسیی و کولتووریانە کردووە هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوێتی کۆمەڵی کوردەواریی لەهەموو ڕەهەندە جوداکانەوە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی و گەلانی تر بخوێنێتەوە؟ ئەگەر خوێندوویەتییەوە چی لە بەرهەم هێناوە؟ ئەگەر نا خوێندەتەوە هەکار چییە و سەرقاڵی چ کارێکی تر بووە؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە کاری سەرەکیی ئەمە بووە بە درێژایی ئەم کتێبە. هەرچەند و پەدەچێت ڕووبەڕووی ڕەخنە و تەمەتبارکردنیش ببمەوە، چوون شکاندنی بەدەنگی و ژینینی ئاوازێکی

جودا لەدڕاوی ئەو میلەدیە باوەی نەو کایەی ڕەشنبیریی کوردی ئیشکی ئاسان تێپەڕ نیە. خەمان ئامادە کردووە بۆ هەر چەشنە بەرامبەرکێ و بەگژاچوونەوەیەک لەلایەن خودی دەستبژێرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەموایە ئەگەر تا ئێستا ڕەشنبیر ئەو کائینە بووبێت ڕەخنەی لە دەرەوەی خۆی گرتووە، پەویستە لە هەنووکەدا ڕەخنەکانی ئاراستەی ناوەوە بکات و ئاوێنەیەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەخۆی دابنێت و وێنای ڕاستقینەی خۆی ببینێت.
هەرچەند کەسانی وەک "ماریە یوسا" پەشبینی ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی ڕەشنبیران دەکەن و پەیانوایە چیدی ڕووناکبیر ئەو بوونەوەرە بە دەسەڵاتی پەشوو نیە کە هەژموونی خۆی لەسەر هەموو ئاستەکان دابنێت، بەڵکو یوسا لە نوێترین کتێبیدا بەناوی "Gap Civilizatiom" باس لە ئاوابوونی ڕەشنبیریی دەکات و پەیوایە لەم چەرخە تازەیەی ژیاری مرۆڤایەتیدا بیرمەندان و ڕەشنبیران چیدی ناتوانن بەو ئامادەگیەی پەشوو لە نەو ناوەندەکانی گفتوگۆدا بن و دەنووسێت "لەسەروەختی ئەو ڕەشنبیریە گاڵتەجاڕیەی ئەم چاخەی گرتەوە، ڕەنگی ئێستڕەکانی تەلەفزیۆن و یاریزانەکان هەمان ئەو کاریگەریەی دەبێت پەشتر لاهوتیە گەورەکان و ڕووناکبیران هەیانبووە". لە ئەم بەچوونانەی یوسا بەشکەن لە فاکتێکی حاشاهەڵنەگر، بەڵام هەشتا ڕەشنبیران نەخشێکی کاریگەر دەبینن، چوون بایەخی ناوەندە ئەکادیمیەکان و ڕەشنبیران لە داهێنانی وزەی فیکریی نوێ هەمان بایەخی پەشووتری هەیە و پەموانیە وا بە زووی لە دەستیش بچێت. دەموو ئەمە ببەستەوە بە بارودۆخی ڕەشنبیریی کوردیەوە و بەم بە ڕاستی لە دنیای کوردیدا ئێستڕەکانی تیڤی و دراما، لەگەڵ توژێکی دەم قڕەباغی ڕۆژنامەوانان و جنۆفرۆشی نەو سۆسیال میدیا، جێ پەیان بە خودی ڕەشنبیر لەژکردووە. جیاواز لەم هەر کارەکتەرە ڕەشنبیریەکانی دنیای ئەمە خەیان هەمان ئەو ئەکتەرانەن بەم ڕەنگەش هەڵدەستن.
ئەم فەزا شەواوە بە من جێگەی ڕەزامەندی نیە و ڕۆخنەی ڕیشەیی و قووم لەمە ئەو جۆرە کارەی ڕەشنبیرانی کورد هەیە، تەنانەت قسەم لەسەر چەنێتی مامەڵەکردنی زمان و موفرداتیان هەیە، کەشەم لەگەڵ زۆرینەی کانسێپتەکانیان هەیە، ناکۆکیم لەگەڵ فۆرمی جیهانبینی بچووکیان هەیە کە ناویدەنێم دنیابینی خڵگرایی و مێگالیی. ڕەشنبیرانی کورد توژێکی تەوزەلن لە ڕووی بیرکردنەوە و دەستپاچن لە پەشکەشکردنی بیرکەی تازە، هەموو ڕەوایی خەیان لەو نەریتە پەپلیستیەوە وەرگرتووە کە بکۆژی عەقڵی نوخبەویە. تەنانەت ڕەشنبیری ئەمە بەو نەریتە پەپلیستیشەوە نەیتوانیوە ببێتە بەشک لەژانی چینەکانی خوارەوە. هەروەک "د.ئەمیری حەسەن

پور" باسی دکات و دەت: ماوتسی تنگ لە شەش کولتووریەکەی خیدا، رشنبیر و مامستا و دکتر و توژکانی تریشی ناچارکرد، بنە لادکان و مودای نوان ئیشی زینی و ئیشی دست و بازوو کم بکنەوە. واتە نە خەکی لادە خاڵی بت لە ئاوگەی رشنبیریی و نە رشنبیریش خاڵی بت لەبارکوتنی کنکرتی و ملموس. بفرمکی کاتر ئمە لە دستکوتکانی شەشی ئکتبری رووسیاشدا هبوو: کتبخانەی بچووک لە مزراکاندا دادنرا تاکوو ژنان لکاتی پشوودا بر خوندنەوە و خوندنەواریی و فزای رشنبیریی بکون.
رشنبیری کورد، نە توانیوویتی تیر برهم بهنت، نە توانیوویتی مودای ئیشی ئندشیی و ئیشی میکانیکی کم بکاتەوە. بیکا رووناکبیرانی کورد پش سیاستمداران شایانی رخنلگرتن و هەوستە لسر کردن، من لردا بە نرەی خم ئم ئرکم بئستە گرت. بە ئوشی خونەر لە کاتی خوندنەوەی کتبکەدا برچاووی روونتر بت، دخوازم چند خاڵک لم پشکیەدا بخەمەوو. یکم: من وەک رژنامەوان قسە لسر خودی رشنبیر دکم و رنگە زیاتر زمانی رژنامەوانی بسر توژینەوەکەدا زابت، لم سنگەوە خم بە بشک لە کشکە نزانیو، لبرئوەی ئمە لردا بمانا گرامیشیەکەی قسە لسر رشنبیر ناکین. دووم: وەک کسک کە باکگراوندی رشنبیریی و جیهانبینم چپ، بە دیدکی کلاسیکی چپ و ئو نریتە بشفیکیەی دنیابینی مبستی خمم توزیف نەکردوو، بکو هومداوە دوور لە ژنگاوی ئایدلگی و بە زمانکی بلایەنانە تررحکانم بگیەنم. سهم: مژووی نووسینی هر پنج بشکانی ئم توژینەویە دگتوە بە ماوەی نوان سانی 2007-2017 ئوەی هیە لردا جارکی تر پاکنووس کراونتەوە و بکی زریش ئیزافکاریی کراوتە سر چاپترکان بە تایبت کتا چاپتر. چوارم: ئم توژینەویە وەک بابتک بە خوقاندنی جدلی رشنبیریی بە چاپ گیاندوو، ئامانجی ئمە تانە و تشر نیە، بکو کردنەوەی دڕگای گفتوگیە لسر کشیەکی گورە کە بە زر کس تنانت لنو دستبژرکشدا کشە نیە یان تمایکی گورە نیە.

گووتاری پپالیستی

دیمنی زاە بسر تابلی رشنبیرانی کوردەوە، زیاتر لە هر شتکی تر نریتی پپالیستیە. رشنبیرانی ئمە ککتلکی سیرن و تگیشتن لیان و شرۆڤەی دنیابینیان کارکی ئاز و فرە زحمتە، بو هیەی شوناسکی دیاریکراویان نیە، بە دیوکی تردا ئو

ئیلهتییهی بۆ ڕۆشنبیرانی کورد دهناسرێنهوه خاوهنی گووتارێکی ڕۆشنبیریی و مۆعریفیی نین، بهڵکهدار ئهوهی کاراکتهری سیاسیین لهسیاسهتیشدا لهبازنهی تهسکی حزبایهتیدا بیر دهکهنهوه و تهزکانیان دهخهنهووو. ئهم دیمهنه تهژی ئیشکالییهتی ڕۆشنبیرانی کورد پهویستی بهشرۆڤهکردنی زۆر وردهو، بهو پێیهی ئهمهی کورد خاوهنی نوخبهیهکین تهمبهڵن لهبارهمهحانی تهواوینی نوێ و تهزی تازه، بهپێچهوانهوه زۆر چالاکن لهجووینهوه و بهشداریی سیاسیی و حزبیدا.
دهتوانین ئهو نهریته لهشێوهی کارکردنی ئهو ڕۆشنبیرهدا بناسینهوه کهپێی دهوترێت دیسکۆرسی پۆپۆلیستی، بهیهکالهکرهبهدواوه وردتر خاڵ دهخهینه سهر پێتهکان و پهناسه و شێوازی دنیابینی پۆپۆلیستی دهخهینه پێش چاو، لههمان کاتدا ئهو خاڵه ناوکییانه دهدهزێنهوه لهنهوان گووتاری ڕۆشنبیرانی کورد و جیهانبینی پۆپۆلیستیدا ههیه.
ههرچهند ڕۆشنبیری کورد تهنیا بهپهتای پۆپۆلیزم گرفتار نهبووه، بهڵام ئهوهی لهم ماوه زهمهنییهدا لههموو شتهکی تر بهزهقیی بهگووتاری دهستهبژێری کوردهوه دیارهبریتییه لهعهوامگهریی، پاشتریش دهبینین تووشی چهندان نهخۆشیی فیکریی تر بووه، کهدهستکورتیان کردووه لهدهوڵهمهندکردن و بهرهو پێشبردنی فهرههنگی ڕۆشنبیریی کوردیی. نهوهی ڕۆشنبیرانی ئهستای کورد، نهوهیهکن نهک هیچ ئیزافهیهکیان پهنهبووه بیخهینه سهر ڕۆشنبیریی کلاسیکیی کورد، بهڵکو ئهوهشی ههبووه دایانهوخاندووه و تهلارکانی ڕۆشنبیریی دوهنهیان بهتهزه سواو و ئهکسپایهرکانی ئهمهکردهتهکلاوه.

پۆپۆلیزم چییه؟

پێش ههر پهناساندنهک پۆپۆلیزم ئایدهلۆگیایهکی دیاریکراو نییه، بهڵکو پارادیمهکی سیاسییه که دهشه بهپێی ژینگهی سیاسیی و کۆمهڵایهتی جیاواز سوود لهئایدهلۆگییه جیاوازکان تهنانهت ئاینیش وهربگرێت، یان بهمانایهکی تر پۆپۆلیزم ستایلهکه ڕهوایی خۆی لهئایدهلۆگیاوه وهرناگرێت هێندهی ئهوهی لهو تهرزه ڕوانینهوه وهریدهگرێت که خۆی بهنوهنهری تهواوی گهل یان خهڵهک دهزانێت. پۆپۆلیستهکان دهتوانن مهلا یان پیاوی ئاین بن، دهکرێ سیاسیی یان ڕۆشنبیر بن، خاڵی هاوبهش لهنهوان ههموو پۆپۆلیستهکاندا ئهوهیه عهوامگهرن و ماف بهخهیان دهدهن بهناوی تهکهای جهماوهری خهڵکهوه بهدوهن و وهک نوهنهریشیان نمایشی سیاسیی بکهن، لهدیتنیی پۆپۆلیستهکاندا گهل یان خهڵک یهکهیهکی کۆنکرێتی یهکگرتووه، نهقابیلی دابهشکردنه نهدرز خستنه ناوی.

ستر کتڕی زاراوەی پۆپۆلیزمPOPULISM لەوشەی POPULUSی لاتینەوە هاتووە، کە بەمانای "خەڵک" دێت، هەمیشە چەمکی "خەڵک"یش لە بنچە لاتینەکەشدا مانای چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە یان زۆرینەی بەدەستەاتی کۆمەڵ پێیوتراوە خەڵک، کە ئەم زۆرینەیە بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییان بەسەر کەی رووداوە گرنگەکانەوە نەبووە، بەڵام شۆشی فەڕەنسی ساڵی 1789 ئەو هاوکێشەیەی بە تەواوەتی گۆڕی، "خەڵک" یان "گەل"ی لە هەزەکی پاسیفەوە گۆڕی بە تووخمەکی ئەکتیڤی ئاوگۆڕی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، یەکێک لە کاریگەرییە هەرە گرنگەکانی ئەو شۆشە ڕەدان بە "گەل" وەک بەشەکی لە ئیرادە لەناو رووداوەکاندا نەک لە پەراوێزی رووداودا تەنها سەیرکەرەک بێت و بەس.
یەکەمین دەرکەوتنی پۆپۆلیزم وەک جوڵانەوەیەکی ڕەکخراو یان با بڵێین وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی، بۆ کۆتایەکانی سەدەی نۆزدە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، ئەویش پاش جەور و ستەمکەشیی سەر جووتیارانی ئەمەریکا بوو کە خرابوونە ژێر باجێکی بەویژدانانە و دڕندەی خاوەن موڵکەکانەوە. هەر لەو سەروبەندەدا پارتی پۆپۆلیستی ئەمەریکا لە ساڵی 1892دا لەسەر پاشخانی فیکریی ئەو بزووتنەوەیە دامەزرا.
لە بواری فەلسەفیدا پۆپۆلیزم، پشت بە تێزەکانی "هەربرت شایلەر" دەبەستێت کە لە دیتنی ئەودا زۆرینەی گەل تاکی بە کاریگەریی و پاسیڤن و هیچ ڕەهەندێکیان نییە لە دروستکردنی رووداوە گەورەکاندا. لەلایەکی تریش لەگەڵ سەرهەڵدانی تەوژمی "نارەدنیکەکان" لە ڕووسیای قەیسەرییدا پۆپۆلیزم پێی نایە قۆناغی هەنگاوی پراکتیکییەوە، بەو پێیەی لە دیدی هەڤتاکانی سەدەی نۆزدەدا خوێندکارە نارەدنیکەکان هەویانداوە لە ڕەگەی خەڵکی گوندەکانەوە بیروبۆچوونی سیاسیی خۆیان ڕوون بکەنەوە و خەڵکی لادێکان بکەنە هێزی بازووی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکەیان کە لەو بەوایەدا بوون ڕووسیا بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی کاپیتالیزمدا دەتوانێت سیستەمی سۆسیالیستی خۆی دابمەزرێنێت، دەتوانم بڵێم خودی "لینین"یش هەمان کاری کرد، لەبەرئەوە دەبینین ئەم یەکێکە لە سیما هاوبەشەکانی بڵشەفیک و پۆپۆلیزم، جیا لەوەش زۆرێک لەو بەوایەدان ئەوەی پێی دەوترێ "چەپی نوێ" تەنیا ڕووخسارێکی تازەیە بە ناوەڕۆکێکی پۆپۆلیزم.
گووتاری پۆپۆلیزم بەشێوەیەکی گشتیی خاوەنی دیسکۆرسێکی ناشەفاف و بە ئارگۆمێنت، زیاتر یاریکردنە لەگەڵ سەزی گشتیی خەڵک، یان وروژاندنیان لە ڕەگەی گووتاری حەماسیی، نەک پێژەیەکی بێت بە مەوداییکی درێژ، پۆپۆلیستەکان بەرچاویان ڕوون نییە، تەنیا دەیانەوێ کار لەسەر عاتیفەی گشتیی بکەن بە هیچ ئەگەرناتیڤێکی

ڕشن، یان زۆر جار بە ئاشتەرناتیڤکی تەومژاویی و نارووونەوە. هەر لەبەر ئەم فاکتەرە فەرهەنگی "DUDEN"ی ئەمانی بە "بیرکی سیاسیی هەلپەرست" ناوزەدی دەکات. لە باری واقیعیشەوە گووتاری پۆپۆلیزم تەکنیکە لە دیماگۆگیت و ئۆپەرتۆنیزمی سیاسیی. کەی ستراتیژکەشی لەدوو سیمای سەرکیدا خەی دەنوونێت، یەکەکیان گووتاری حەماسیی و گاتەجانەیە، ئۆیتریشیان فەرمانبەندیی تونداویی و شەوازی کاری رادیکالیی کوەرانە وەک ئۆجیندایەکی سیاسیی.

دەکرێ ئامانجی سەرکیی بزاوتە پۆپۆلیستیەکان لە چەند خاڵکدا کوورت بکرێتەوە. وەکوو: یەکەم: پۆپۆلیستەکان کەی دامودەزگا سیاسییە دەسەاتدارەکان بەهەموو فەرمکانییەوە رەت دەکەنەوە. دووەم: لە دیدی پۆپۆلیستیدا خاڵک سەرچاوەی هەموو بەیار و دەسەاتکە و جەماوەر شەرعیترین ژێدەری دەسەاتە. سێیەم: ئەکتەرەکی کاریزمایی پەویستە بە سەرکردایەتیکردنی ئەو بزاوتەی دەیەوێ گەل بکاتە سەرچاوەی هەموو شتەک. چوارەم: گەورەکردنی بەهای خاڵک بە راکەشانی سەرنجی گەل لە رەی بەڵێنی وەهمی و نارووون.

لەگەڵ ئەوەشدا پۆپۆلیزم جوانەوەیەکە زەدەتر دەداریی لەگەڵ خاڵک دەکات تاکو بەرگرییان لە بکات. بەهای خاڵک گەورەتر لە خەی نیشاندەدات نەک ئاوێنەیەکی روونی واقعی حاڵ بێت. هەروەک بیرمەندی ئێرانی "رامین جەهانبەگلو" باسی دەکات "دەتوانین بڵێین پۆپۆلیزم هەمیشە ستایشکاری جەماوەر، بەڵام داکەکیان لەناکات، چوونکە بۆپەچوانەی دیموکراسیی لە هەڵومەرجی پۆپۆلیستیدا ژینگەی ئایدەلەگیکی خاڵک لەگەڵ ژینگەی سیاسیی هاووەاتیاندا یەکسان نابن، لەبەرئەوە بەیاری پۆپۆلیزم بە جەماوەر بە ناشنی و ناستاوخۆ لەسەر ئەو بەوایە دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ گشتەکی چوونیەک دەکات و بەشوێن هەنانەدی و پیادەکردنی کاری توندوتیژیەوە بنەمای ئۆخلاقی لەئاستی کەمەدا ئۆتک دەکات".

پۆپۆلیزم و دیموکراسی

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم بە کرد، بزاوتە پۆپۆلیستەکان لەرووی ئایدەلەگیەوە یەک ئاستە و تەوژم نین، چوون لە ستراکتەرە پۆپۆلیزم پارادیمەکە کەسک لە هەر چەشنە بیر و ئایدیایەک وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئاستەیەکی پۆپۆلیستی ناتوانێت مەوداکانی دیموکراسیی بەرینتر بکاتەوە، بەڵکو کەشی ریشەیان لەگەڵ گەوهەری دیموکراسیی لیبرالی هەیە، بەو پێیەی لە زەمینەیەکدا ئەو بزاوتە دەسکە کە فەزای بەسەوبەری و

پاشاگەردانییەکە تێیدا هەموو بەها و پرنسیپێ دیموکراسییەکان پاشکشێیان کردبێ یان لەسەرەو لەژێیدا بن. د.عەبدولحەمید ئەلئەنساری پێیوایە: پێپالیزم لە سییەکانی سەدەی رابردوودا سەریهەڵدا و فاشیزم و نازیزمی لە ئەوروپا بەرهەمهێناە لە ئەمریکای باشووریش فەرمانڕەوای دیکتاتۆری بەرهەمهێنا، دواتر پالی کەشا و تەشەنەی کرد بۆ وڵاتانی عەرەبی و لووتکەی سەرکردەی پێپالیست و دەسەڵاتخوازی بەرهەمهێنا.
پێپالیستەکان زەرجار بەدکەسکی لە دیاردەکانی دیموکراسیی وەردەگرن و بۆ میکانیزمی هەڵبژاردن هەوڵی دەسەڵاتگرتنە دەست دەدەن، بەمانایەکی تر چەکی دیموکراسی دەکەنە ئامانجکی کاریگەر بۆ هێنانەدی خوونکانیان، بەڵام ناتوانن یان نایانەوێ پارێزگاریی لە پێکهاتەی دیموکراسیی نوێنەرایەتی بکەن، ئەم جۆرە نموونانە لە کیشوەری ئەمریکای لاتین لە چەندین وڵاتدا بەرجەستە بوون، بە وێنا دیموکراسییە شافێزیەکەی فەنزوێلا، یان پارادیمی نیستەر کیرچنەر لەوڵاتی ئەرژەنتین و ئیڤۆ مۆراڵەس لەوڵاتی پۆلیڤیا. هەر سێ نموونەکە پەماندەت پێپالیزم دەرکەوتەی ئەو کەمگایەیە دامەزراوێ و بنیادەکانی دیموکراسی تێیدا بەهێز و چەسپیو نین، بۆ واتایەکی تر پێپالیزمی نوێ "نیو پێپالیزم" ڕەنگدانەوەی لاوازیی دیموکراسییە لەهەر جگەیەکدا.
ڤیلادیمێر تەرەس، پێیوایە لەرووی مێژوویەوە پێپالیزم کوڕە منداڵدانی قەیرانە سیاسییەکانە، بەتایبەت لەو چرکەساتانەی دامەزراوێ ڕەوایی پەدراوەکان دەکەونە ژێر پرسیاری جیددی و گومانگەلی زۆرەوە. بەیە ئەو دەەت "پێپالیزم خێی لە خێیدا کێشەیەکی سیاسییە، لەسەروەختی قەیرانەکانی پێیوەست بە نوێنەرایەتی سیاسیی گشتی دەکات و تا سەر ئەسقان دژ بە دیموکراسییە.". ئەو پێیوایە سەرکردە پێپالیستەکان ئەوانەن لە دژەوەی دامەزراوێ شەرعیی و دیموکراسییەکان دروست دەبن، یان ئەگەر لە ڕەگەی ئەو دامەزراوانەشەوە بگەنە قووچکی دەسەات، لەماوەیەکی کەمدا سەرلەبەری ئەو دامەزراوانە هەدەوشێننەوێ یان تووشی قەیرانی کوشندەی دەکەن، چوونکە ئەوانە ڕەوایی خێیان بەناوی خەڵکەوێ وەرگرتووە و پێیانوایە ئەو جۆرە دامەزراوانە دەسەات و خوونکانیان سنووردار دەکات، لەم حاەتەشدا دەکەونە ناکۆکیی و پارادکسەوێ لەگەڵ ئەو دامەزراوانە، هەنگاوی خێرا و پراکتیکی دەنێن بۆ ڕەنگەڕژکردنەوەی دەسەات لەدژەوەی هێزمووندی دامەزراوێ دیموکراسییەکان و ڕەکخراوەکانی کەمەڵدەنی، لە زێر حاەتیشدا لە دژەوەی پارتێ سیاسییەکان و لەژێر هێزمووندی سەرکردەیەکی کاریزمیدا.

بەشێوەیەکی بەرجەستە و گشتیی پارادۆکسێک هەیە لەنێوان نەریتی پۆپۆلیستی و سیستمی دیموکراسیدا، ئەمە وەک لەپشێوە وتمان مانای ئەوە نییە پۆپۆلیستەکان رێگەکانی دیموکراسی بە وەرگرتنی دەسەڵات رەت دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە کۆشەی ئەوان لە دوای هاتنە سەر دەسەڵات لەگەڵ دامەزراوە دیموکراسییەکاندا. چوونکە لەجیهانبینی سیاسیی ئەواندا، هەمیشە جەماوەر لەسەروو دامەزراوە شەرعییەکانەوەیە، ئەمەش هەمان ئەو ناوەڕۆکەیە لە شێوەی فۆرمنسیێنەوە درێژ بەتەوە تاکوو هەنووکە، بەوەی گەل یان خەڵک پیرەزن بەیە بە دەربەینی تەرەس "هەر کاتێک خەڵک ویستی، ئەوا نابێت دەستوور و دامەزراوەکان لە ڕێیاندا بوەستن".
لە دیدی پرەفیسەر دیسپاسێتدا، پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکە لەسەر سیستمی دیموکراسیی و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم تەوژمە تەحدایکیشە بە دیموکراسیی لیبرالی کە لە خرئاوا پیادە دەکرێت. ئەو بەرووەنی دان بەوەدا دەنێت "دەکرێت پۆپۆلیزم ببێتە هەڕەشە بە سەر زۆرێک لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی دیموکراسییەتێکی سەقامگیر. بە نموونە دەبێت هەموو کەس پابەند بێت بە دیموکراسی و بە هەڵبژاردنەوە و ڕێز لە هەڵبژاردنەکان بگرێت کە گوزارشت لە ئیرادەی خەڵک دەکات. هەندە جار پۆپۆلیستەکان ئەوەندە متمانەیان بەراست و دروستی خەیان هەیە ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناگرن". لەهەمان کاتدا ڕەکخراوی "فریدەم هاوس" کە بارەگای سەرەکی لە واشنتەنە لە ڕاپۆرتی ساڵی 2016 دوو تەوژم و جۆرە دەوڵەت بە هەڕەشەی پلە یەک بە سەر دیموکراسی ناودەر دەکەن ئەوانیش ئۆتۆکراسی و پۆپۆلیزمن.

پۆپۆلیزمی سیاسیی لە کوردستان

جیهان ئێستاکە بەدەست پۆتای پۆپۆلیزمەوە دەناڵێنێت، چوونکە هەروەک گەندەڵی کە دیاردەیەکی گەردوونی سەرمایەداریە، پۆپۆلیزمیش بۆتە دیاردەیەکی یونیڤرسال. کارەساتەکە لەوەیە دەوڵەت و حزبە سیاسییەکان بە دەسەڵاتدار و بەرهەڵستکاوە دەردەداربوون بەو نەخشییە سیاسییە. ئەگەر سەدەی بیستەم بەدەربەینی "هەبسباوم" سەدەی تونددڕەوی سیاسیی و دەسەڵاتی مەیلە تۆتالیتارەکان بووبێت، ئەوا ئەم سەدەیە سەدەی پۆپۆلیزمە. ئەوش دەربەینی پرەفیسەری هەڵەندیی "کاش مودە". نەوبراو لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی "پۆپۆلیزم بووتە بیرکردنەوەی سەردەم" ئاماژە بەوە دەدات "لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بیریاران ڕەخنە لەم دیاردەیە دەگرن، بەڵام وا دەردەکەوێت پۆپۆلیزم هەر بەهێزتر دەبێت".
کوردستان وەک بەشێک لەو گوندە جیهانییەی بەهەی شەشی

پەیوەندییەکانەوە دروستبووە، بەخراپی بەهای نەبوونی سیستمێکی بەهێزی دیموکراسی و غیابی دامەزراوەکان، نەریتی پۆپۆلیزم ئەندێشەی سیاسەتی باوی گرتۆتەوە، بەاوبوونەوەی تێفکرینی پۆپۆلیستی لەم بەشەی باشووری کوردستان وەک خراپی هەمەتی ئاگرێ لە پوش و پەڵاشی وشکبوو. وەنەبێ ئەمە دیاردەیەکی تایبەت بێت بەخودی دەسەڵات، بەڵکو کارەساتەکە لەوەدا گەورەتر خۆی دەنوێنێت ئەم نەریتە بۆتە بەشێکی سەرەکی لە دنیابینی ئەو هێزە بەرهەڵستکارانەی خەیان وەک ئۆپۆزناتیڤی دەسەڵاتی سیاسیی دەبینن، ئەوان ناتوانن میکانیزمێکی تر بۆ ڕەوایی سیاسیی خەیان بدۆزنەوە جگە لەو گووتارە پۆپۆلیستییەی هەمەنی پەددەن، لەو سەنگەرەی هەمیشە بەناوی جەماوەر و گەلەوە فەرمانبەندیی دیسکۆرسی ڕەخنەیی خەیان دەکەن.
لە ڕاستیدا ئەو مەیلە پۆپۆلیستییە وەرانخوازەی لای ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی هەیە، چەند قات لەو گەندەڵی و بەهەدەردان و خەسپێنیەی دەسەڵاتی سیاسیی کوشندەترە، چوونکە ڕوانگەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە وەرانکردنی هەموو شتەکە لە پێشدا، پاشان بیناکردنەوەیەتی بەو فەرمەی خەیان ئارەزووی دەکەن، ئارەزووکانیشیان نەیتوانیوە ئەو خواستانەی دەسەڵاتی هەنووکە تێپەڕێنێت کە ئێستا پیادەی دەکەن. لە دیتنی "ڤیلادیمێر تەرەس"دا، پۆپۆلیزم نەک هەر هەڕەشەیە بە سەر دامەزراوەکان و خودی دیموکراسی "کە ئەو دووانە هێشتا دروشمن لە کوردستان نەک واقیع"، لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، وەک ئەو دەریدەبڕێت "پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکی جیددییە لەسەر دیموکراسی، چوونکە دەبێتە مایەی دابەشبوون و جەمسەرگیریی و نالەبوردەیی و دژایەتیکردنی فرەیی، هەروەها لەسەر کۆکوەرگرتن لە درز و کەلێنە چینایەتی و ڕەگەزیی و ئیتنی و دابەشبوونی شار و گوندەکان گەشە و نەشونما دەکات".
